بزووتنەوەی ئیسلامی: ئەوەی داوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی کوردستان بکا ئاهی دایکی شەهیدان دەیگرێت

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان ئاماژە بەوە دەکات هەرکەسێک باس لە هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکات، ئاهی دایکی شەهیدان دەیگرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

لە ماڵ پارێزراو دەبین

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5963) دووشەممە 29ی حوزەیران 2020 «12» لاپەڕە «500» دینار

ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە



دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە پێنجی ئاساییی خولی بەهارەی راگەیاندووە کە تیایدا دریژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، خراوەتە بەرنامەی کارەوە.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

هەرێمی کوردستان و بەغدا تەنها لەسەر ژمارەکە ماوە بگەنە ڕێککەوتن



تەندروستیی عێراق هۆشداری لە شەپۆلێکی دیکەی کۆرۆنا دەدات

وەزیری تەندروستیی حکوومەت عێراق هۆشداریی لە خراپتربوونی ڕەوشی تەندروستی و شەپۆلێکی دیکەی کۆرۆنا دەدات. دوێنێ یەکشەمە 28-6-2020حازم جومەیلی، وەزیری تەندروستیی عێراق بە ئاژانسی فەرمیی هەواڵی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە، هێشتا عێراق لە شەپۆلی یەکەمی پەتای کۆرۆنایە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

قەدەغەی هاتووچۆ لە تەواوی قەزا و ناحیەکانی پارێزگەی هەولێر ڕاگەیەندرا

ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند، لە ڕۆژی سێ شەمە 2020/6/30تاوەکو ڕۆژی 4ی مانگی داهاتوو قەدەغەی هاتووچۆیە و ڕۆژانە لە کاتژمێر 6ی بەیانی دەستپێدەکات تاوەکو 12ی شەو.

ئێوارەی دوێنێ، ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێر لەبارەی ڕێکاری نوێی هاتووچۆ لە پارێزگاکە کۆبوونەوە، ئەمەش دوای ئەوەی کە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی هەولێر کۆبوونەوە و داوایان کردبوو کە ڕێکارەکان تووندتر بکرێنەوە.

بەپێی بڕیاری ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێر، لە کاتژمێر 6ی بەیانی تاوەکو 12ی شەو، هەموو جۆرە هاتووچۆیەک لە تەواوی سنووری پارێزگای هەولێر بە سەرجەم قەزا و ناحیەکانییەوە قەدەغەیە. جگەلە تیمە تەندروستییەکان، هێزە ئەمنییەکان، ناوخۆ، ئەمبوڵانس، دیپلۆماتکاران ڕێکخراوی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمپانیاکانی سووتەمەنی نەوت و غاز، هێزە ئەمنییەکان، ئەوانەی لە ئەرکی فەرمیدان. فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی بەرگریی شارستانی، ئاو، کارەبا، شارەوانی باخچە و پارکەکان، کۆمپانیاکانی خاوێنکردنەوەی شار.

هەروەها ژووری ئۆپەراسیۆن بۆ کارئاسانی هاوواڵتیان و پێویستییەکانیان ڕێگەی داوە بەو شوێن و ئۆتۆمبێلانە لە ڕۆژانی قەدەغەی کار و ئەرکەکانیان بەجێ بگەیێنن و کراوە دەبن، وەک: سەمونخانە و نانەواخانەکان، مارکێتی گەورەکەکان، دووکانی فرۆشتنی سەوزە و میوە، ئۆتۆمبێلەکانی گەیاندنی دەرمان و دەرمانخانەکان، دەرمانخانەی ئێشکگر، ئۆتۆمبێلی فرۆشتنی غازی ماڵان، تەنکەری گواستنەوەی گازی موولیدەکان.

بڕیاردەری لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، لێکنزیکبوونەوەیەکی باش لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە و تەنها ماوە لەسەر بڕی ئەو پارەیە ڕێکبکەون کە بۆ هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکرێت، بڕیە پێویستیان بە یەک تا دوو دانیشتنی دیکە هەیە و، ئەم هەفتەیەش جارێکی دیکە شاندی هەرێم سەردانی بەغدا دەکاتەوە. د. ئەحمەد سەفار، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا ئەنجامی باشی هەبووە و، ئەوان داواکاریی خۆیان پێشکەش کردووە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش داواکاریی خۆی پێشکەش کردووە، هەروەها ئەوان ژمارەیەکیان دیاری کردووە بۆ نادنی بڕی پارەکە و حکوومەتی هەرێمیش داوای زیاتری کردووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

هەوڵی تێکدانی قەوارەی هەرێم

سەلام عەبدوڵلا

وا بۆ سەد ساڵ دەچێت، ئەم گەلە کۆڵنەدەرە، لە قوربانی بەردەوامدایە بۆ سەرفرازی و خۆبەڕێوەبردن.

لەم پێناوەشدا بە هەزاران شەهید و بریندار و پەککەوتەی لەم مێژووە دوورو درێژەدا داوە، هەر لە بوردومانەکانی حکوومەتی بەریتانیاوە، کە خولقێنەری ئەم قەوارە ناساز و دەستکردەیە، تا دەگاتە هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش و لەمەودواش حەشدی شەعبی، واتە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا دەگاتە ئەمڕۆش کە بە چاوی خۆمان دەیبینین، چونکە گوندی کاکەییەکان لە دەوروبەری خانەقین و کەرکووک دەدرێنە بەر شاڵاوی تۆقاندن و ڕاگواستن و گێرانەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ سەر زێدی باب و باپیرانی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە، کە بە شایەتی بەڵگەنامە عوسمانییەکانیش، هەموو ئەوانە بە تاپۆ، خاکی کورد بووە.

حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، هیچ نەپرینگاونەتەوە لە بەکارهێنانی هەموو چەکێک، بە کیمیاوی و چەکە قەدەغەکراوەکانیشەوە، بۆ بەکارهێنانی دژی گەلەکەمان لەپێناو لەناوبردن و هەر نەبێت چۆک پێدادانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، گەلەکەمان، بە هەموو توانای نابەرابەریشییەوە، هەر داکۆکی لە خاک و نەتەوەکەی کردووە و درێغی لە قوربانیدان بۆ نیشتمان و سەرفرازی نەکردووە.

دوای ئەو هەموو قوربانیدانە، بۆ یەکەمینجار قەوارەیەکی سیاسیی دانپێدانراو لە هەرێمی کوردستان دروست بوو کە بۆ سی ساڵ دەچێت کورد تێیدا خۆی حوکمی خۆی دەکات و خۆی بەڕێوەی دەبات بە هەموو باشی و ناباشییەکیەوە، کە بە هیچ جۆرێک قابیلی بەراورد نییە لەگەڵ حکوومەتەکانی پێشوو، کە کوردی تێدا هاووڵاتی پلە دوو و سێ بووە، بگرە هەر حسابی هاووڵاتیشی بۆ نەدەکرا.

کەچی ئێستا، ئەم هەرێمەی کە بە خوێن و تێکۆشانی خەڵک و هەموو حزبەکانەوە هاتۆتە ئاراوە، بە ئاشکرا لە چەندین لاوە، داوای تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی دەکرێت.

یەکێک داوای سوپای عێراق دەکات کە بە زەبری هێز، هەرێم تێک و پێک بدات، یەکێک دەڵێ: گەر یەکدەنگ بین، ئەوا سلێمانیش، وەکوو کەرکووک دەگەڕێنینەوە بۆ باوەشی نیشتمان! و ڕزگاری دەکەین!.

یەکێک دەڵێ: با تف لە جوگرافیای کوردستان بکەین و یەکێکیش دەڵێ: (نەخێر)مان بەرامبەر کوردایەتی داکوتا! و یەکێکیش زۆر ڕاشکاوانە دەڵێ: دەبێ قەوارەی هەرێم هەڵبوەشێتەوە! .

ئەمانە خەڵکی ئاسایی نین، خاوەن پۆست و پلەن لە حزبەکانیاندا و لە پەرلەمانی بەغدا و لە پەرلەمانی هەرێم و حزبەکانیان بێدەنگن لە ڕەفتار و کرداریان.

دەبێت ئیدی ئەم دەنگە ناسۆز و ناساز و دژە نیشتمانە، بەزووترین کات کپ بکرێن و حزبەکان، بەتایبەتی بەشداربووانی حکوومەت لێیان بێدەنگ نەبن.

هەوڵی تێکدانی قەوارەی هەرێم هێڵی سوورە، چونکە ڕەنجی خوێنی شەهیدان و قوربانیدانە.

کەسیش بۆی نییە بازرگانی پێوە بکات.

46هەمین ساڵیادی داستانی شەڕی هیزۆپ

داستانی هیزۆپ قۆناغێکی دیکە بوو لەکاروانی سەربەخۆیی کوردستان

(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)

وەزارەتی شارەوانی دەستیکردووە بە گۆڕینی زۆربەی سەرۆک شارەوانییەکان

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

دوای کۆڕۆنا...

پرسە بمێنێت یان نەمێنێت؟!

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



هێشتا شۆکی هەڵگرتنی پارێزبەندییەکە سۆران عومەری بەرنەداوە

ئەندامێکی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، داواکەی سۆران عومەر بە هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان، نیشانەی قێزەونیی ئەو بوونەوەرەیە. نەدا مێرگەسۆری، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، پەرلەمانتارانی کوردستان لە سەرەتای دەستبەکاربوونیان سوێندی پاراستنی هەرێمی کوردستان دەخۆن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

نەدا مێرگەسۆری: هێشتا شۆکی هەڵگرتنی پارێزبەندییەکە سۆران عومەری بەرنەداوە

هەر خەریکی بڵاوکردنەوەی بیری تۆندڕەوی و تیرۆریستی بووە



ئەندامێکی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت، داواکەی سۆران عومەر بە هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان، نیشانەی قێزەونیی ئەو بوونەوەرەیە. نەدا مێرگەسۆری، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق، بە باسنیوزی راگەیاندووە، پەرلەمانتارانی کوردستان لە سەرەتای دەستبەکاربوونیان سوێندی پاراستنی هەرێمی کوردستان دەخۆن.

نەدا مێرگەسۆری هەروەها رایگەیاندووە، سۆران عومەری پەرلەمانتاری کۆمەڵ بە داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان، سوێندەکەی شکاندووە. ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی عێراق ئاماژەی بەوەش کردووە، کە سۆران عومەر هێشتا ''شۆکی هەڵگرتنی پارێزبەندییەکەی سەری بەری نەداوە ؟''بۆیە داوای هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکات.

نەدا مێرگەسۆی جەختی لەوەش کردۆتەوە، کە بۆ سۆران عومەر ئاسانە داوای هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکات، چونکە هیچ خەباتی بۆ دروستکردنی ئەو قەوارەیە نەکردووە و خوێنی بۆ نەڕشتووە، هەر خەریکی بڵاوکردنەوەی بیری تۆندڕەوی و تیرۆریستی بووە.

مێرگەسۆری وەرگرتنی مووچەی قەبە و پۆستی بااڵ لەلایەن سۆران عومەر لەو قەوارەیە، لە کاتێکدا داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکات، بە نیشانەی ''قێزەونیی ئەو بوونەوەرە ''دادەنێت و رایگەیاندووە، تا ئێستاش هاوبیرەکانی سۆران عومەر کوڕانی کورد دەکوژن و کچانی کوردیش بە دیل دەگرن و کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکەن.

نەدا مێرگەسۆری بەپێویستیشی دەزانێ کە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاپۆشیی لەو لێدوانانە نەکەن و سنوورێک بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوە و کەسانە دابنێن، چونکە ئەو کەسانە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی دەگەیەنن و یاری بە چارەنووسی گەلێکەوە دەکەن. هەروەک مێرگەسۆری رایگەیاند، قەوارەی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق هەرێمێنی دانپێدانراوی دەستوورییە و بەرهەمی خوێن و قوربانیدانە و بە قسەی ئەو ''هزرنەخۆشانە'' هەڵناوەشێتەوە.

ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

دریژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم خراوەتە بەرنامەی کارەوە



دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە پێنجی ئاساییی خولی بەهارەی رۆژی دووشەممە 29-6-2020ی راگەیاندووە کە تیایدا دریژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، خراوەتە بەرنامەی کارەوە.

لە راگەیاندراوەکەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستاندا ئەوە خراوەتەڕوو کە کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆی رۆژی دووشەمە، دانیشتنی ژمارە پێنجی ئاسایی دەست پێ دەکات.

ئاماژە بەوەیش کراوە کە لە برگەی یەکەمی بەرنامەی کاردا، دەنگدان لەسەر پێشنیازە بڕیاری "پێشکەشکردنی پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان" دەبێت، بەدەر لە حوکمی ماددەی 82ی پەیڕەوی ناوخۆ. لە برگەی دووەمیشدا هاتووە "دەنگدان لەسەر دریژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی برگەی چوارەم لە ماددەی حەوتەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەبێت".

حەشدی شەعبی لە دەشتی نەینەوا دەست بەسەر زەویی پێکهاتەکاندا دەگرێت



پێشلێکارییەکانی حەشدی شەعبی لە دەشتی نەینەوا وەک نوێنەرێکی پێشووی کوردانی شەبەک لە پەرلەمانی عێراق، ئاماژەی بۆ دەکات بەردەوامن و ئێستاش دەستیان گرتووە بەسەر زەویی پێکهاتە جیاجیاکانی دەشتی نەینەوادا.

دوێنێ یەکشەممە 28/6/2020 ساڵم شەبەک، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق، بە باسنیوزی راگەیاندووە: پێشێلکارییەکانی حەشدی شەعبی لە دەشتی نەینەوا رۆژانە بەردەوامن و دوای هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هێناویانەتە سەر پێکهاتەکانی دەشتی نەینەوا، ئەمجارەیان دەست بەسەر زەویی پێکهاتەکانی دەشتی نەینەوا لە کوردی شەبەک و مەسیحی و تورکماندا دەگرن و هەر لەسەر ئەو زەویانە ئێستا کۆمەڵگەی نیشتەجێبونیان دروست کردووە.

شەبەک ئاماژەی بەوەش داوە: لەو کردەوەیەشدا وەعەد قەدۆ یەکێک لە سەرانی حەشدی دەستی تێدایە و ئەوان کار بۆ گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە دەکەن و تەواوی پێکهاتەکانی دەشتی نەینەوا دۆخیان ناجێگیرە و مەسیحییەکان تا ئێستا وەک پێوست نەگەڕاونەتەوە بۆ "بەرتەڵە و قەرەقۆش" و لە هەرێمی کوردستان ئاوارەن و ئێمەش وەک کوردی شەبەک تا ئێستا 3500خێزانی شەبەک لە هەرێم ئاوارەن و نەگەڕاونەتەوە هەر بەهۆی ئەو میلیشیایانەوە.

شەبەک گوتیشی: هاوکات میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ئێستا لە سنووری دەشتی نەینەوا، بۆ هەر بارەگایەکی کە بێتە سنوورەکە بڕی 300دۆلاری وەک سەرانە لێ وەردەگرن و هەروەها ئێستا کە کاتی وەرگرتنی گەنم و جۆی جوتیارانە لە سایلۆکانی دەشتی نەینەوا حەشدی شەعبی لەوانیش بۆ هەر بارهەڵگرێک 1200دۆلار وەردەگرن وەک سەرانە، بۆیە بەڕاستی پێویستە ئەو پێشێلکارییانەی حەشد لەم سنوورە رۆژانە هەر هیچ نەبێت لە ڕاگەیاندنەکانەوە باس بکرێت.



د. ئەحمەد سەفار:

هەرێمی کوردستان و بەغدا تەنها لەسەر ژمارەکە ماوە بگەنە ڕێککەوتن

بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، لێکنزیکبوونەوەیەکی باش لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە و تەنها ماوە لەسەر بڕی ئەو پارەیە رێکبکەون کە بۆ هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکرێت، بۆیە پێویستیان بە یەک تا دوو دانیشتنی دیکە هەیە و، ئەم هەفتەیەش جارێکی دیکە شاندی هەرێم سەردانی بەغدا دەکاتەوە. د. ئەحمەد سەفار، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا ئەنجامی باشی هەبووە و، ئەوان داواکاریی خۆیان پێشکەش کردووە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش داواکاریی خۆی پێشکەش کردووە، هەروەها ئەوان ژمارەیەکیان دیاری کردووە بۆ ناردنی بڕی پارەکە و حکوومەتی هەرێمیش داوای زیاتری کردووە.

سەفار گوتیشی، ئەوەی ئەوان باسیان کردووە، هەموو داهات و نەوتیان پێبدەن و هەرێمی کوردستانیش داوای بڕێک پارەی کردووە، بەاڵم ئامادە نەبوو ئاشکرای بکات و تەنها باسی لەوە کرد کە، بەشی مووچە ناکات، بۆیە پێویستیان بە گفتوگۆی زیاتر هەیە تا بگەنە ڕێککەوتن. سەفار دەشڵێ: هەردوولا لە قەیرانی داراییدان و بڕیاریان داوە گفتوگۆ بەردەوام دەبێت تا ڕێککەوتن، بڕیاریشە لەم هەفتەیەدا جارێکی دیکە شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکاتەوە و، لەسەر بڕێک پارە بگەن بە ڕێککەوتن کە هەرێمی کوردستان بتوانێ خۆی پێ بەڕێوە ببات، بۆیە تەنها لەسەر ژمارەکە ماوە بگەنە ڕێککەوتن.

هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتیی دەنگۆی بەشداریکردنی لە ئۆپەراسیۆنەکەی دۆرە ڕەت دەکاتەوە

هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتیی دژبە داعش بڵاوی کردەوە کە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکەی ناوچەی دۆرە باشووری بەغدا نەکردووە کە لەلایەن هێزەکانی دژەتیرۆری عێراقەوە دژبە گرووپە چەکدارییەکان ئەنجامدرا و ئاماژە بەوەیش دەکات، ئەو دەنگۆیەی لەوبارەوە بڵاوکراوەتەوە، دوورە لە ڕاستییەوە.

لەمبارەیەوە گوتەبێژی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتیی دژبە داعش، مایلز کاگنیز لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا رایگەیاند: هێزەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتیی دژبە داعش لە عێراق، لەژێر پاراستنی حکوومەتی عێراقە. گوتیشی: تەنها حکوومەتی عێراق بڕیارەکان دەردەکات، هێزەکانی ئەمەریکا و هێزەکانی دیکەی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتیی دژبە داعش مافی دەستوەردانیان لەوبارەیەوە نییە.

لە لایەکی دیکەوە گوتەبێژی سەرۆکوەزیرانی عێراق، ئەحمەد مەولا تەاڵل رایگەیاند، ئۆپەراسیۆنەکەی ناوچەی دۆرە لە بەغدا بۆسەر بارەگای کەتیبەکانی حزبوڵاڵ، تەنها لەلایەن هێزەکانی دژەتیرۆری عێراقەوە ئەنجامدراوە. ئەحمەد مەولا تەاڵل لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەاڵیەتیی تویتەر نووسیوویەتی "ئۆپەراسیۆنەکەی دۆرە کە ئامانج لێی پاراستنی شکۆی دەوڵەت بووە، لەڕووی پلاندانان و جێبەجێکردنەوە، تەواو عێراقی بووە ".

ڕۆژی شەممە گوتەبێژ بەناوی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، یەحیا ڕەسول رایگەیاندبوو "ئامانج لەو ئۆپەراسیۆنەی کە هێزەکانی دژەتیرۆر ئەنجامیدا و لە میانیدا، 14چەکدار دەستگیرکران و دەستیش بەسەر سەکۆی مووشەک بۆ کردنە ئامانجی ناوچەی سەوزدا گیرا، گەڕانەوەی شکۆ بوو بۆ دەوڵەت".





کوردێک سەرپەرشتیی گرووپەکەی کردووە

پۆلیسی هۆڵەندا گرووپێکی تیرۆریستی سزا دا



ساسان دەرویش – هۆڵەندا :

پۆلیسی هۆڵەندا گرووپێکی تیرۆریستی لە وڵاتەکەی سزادا کە لەلایەن کوردێکی باشووری کوردستانەوە سەرپەرشتیی گرواو و بەنیازبوونە کاری تیرۆریستی لە شوێنە جیاوازەکانی هۆڵەندا ئەنجام بدەن، دەستگیرکردنی ئەو گرووپەش دوای ئەوە دێت ماوەیەک لەلایەن پۆلیسی هۆڵەندییەوە بە کامێرا چاودێریان کراوە و دواتر دەستگیرکراون و بەشێک لەو گرتە ڤیدیۆ بەڵگەدارانەی دەیسەلمێن تیرۆریستن، لە میدیاکان بڵاوکراوەتەوە.

هەفتەی پێشوو میدیاکانی هۆڵەندا و داواکاری گشتیی ئەو وڵاتە رایانگەیاند گرووپێکی تیرۆریستی کە پێشتر ئامادەسازیان بۆ ئەنجامدانی کارێکی تیرۆریستیی گەورە لە چەند شارێکی هۆڵەندا کردبوو و دواتر دەستگیرکران، ئێستا سزا دران. ئەو کەسەی سەرپەرشتی گرووپەکەیشی کردووە کوردێکی باشووری کوردستانە و لە میدیاکانی ئەو وڵاتە ناوی بە (هـ.ردی) هاتووە.

بەگوێرەی میدیاکانی هۆڵەندا هەردی تەمەن 36ساڵە و لە 2014ـەوە بۆ کاری تیرۆریستی چووەتە وڵاتی سووریا و لە دوای گەڕانەوەی بۆ هۆڵەندا لە 2015ماوەی ساڵ و نیوێک زیندانی کراوە و دواتر ئازاد کراوە، لە 2018یشدا سەرپەرشتی گرووپێکی کردووە کە تەمەنیان لە 23بەرەو سەرەوەیە، پێش ئەنجامدانی کردە تیرۆریستییەکەش پۆلیس دەستگیری کردوون بەهۆی ئەوەی بە وردی لەلایەن پۆلیسەوە چاودێریکراون لە رێگەی دانانی کامێراوە. ئەو ئۆتۆمبێلەی ویستوویانە کارەکەیشی پێ ئەنجام بدەن، پاسێک بووە کە کامێرای چاودێری تێدا جێگیر کراوە و دواتر پۆلیس بەشیک لە گرتە ڤیدیۆکانی ئەو گرووپەی لە تیڤییەکان بڵاوکردووەتەوە و داواکاری گشتیش داوا دەکات بە 18ساڵ زیندانیکردن سزا بدرێن.

راگەیاندراوێک لە گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە ماوەی رۆژانی قەدەغەی هاتووچۆ و پشووی راگەیاندراوی داموودەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، ستافی وەزیران و ئەو فەرمانبەرانەی کە زۆر پێویستن دەوامی ئاسایی خۆیان دەکەن و پرۆسەی دابەشکردنی مووچەش بە پێی ئەو لیستەی کە وەزارەتی دارایی و ئابووری رادەگەیەنێت بەردەوام دەبێت. لە هەر چوار پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ئاسانکاری بۆ ئەم مەبەستە فەراهەم دەکرێت.

داوا لە سەرجەم هاوواڵتیانی کوردستان دەکەین لە پێناو سەلامەتی و تەندروستیی خۆیان و خێزانەکانیان پابەندی رێنماییەکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بن.

د. جوتیار عادل

گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٢٠٢٠/٦/٢٨

برایان هوک: گەمارۆی چەک نەیهێشتووە ئێران ببێتە دەوڵەتێکی بازرگانیی چەک بۆ ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان

نوێنەری ئەمەریکا بۆ کاروباری ئێران دەڵێت ئەو گەمارۆ چەکییەی UN سەپاندوویەتیە سەر ئێران دەبێت وەک خۆی بمێنێتەوە. هوک دەشڵێت بڕیارەکە وای کردووە ئێران نەبێتە دەوڵەتێکی بازرگانیی چەک بۆ وڵاتە بێزراو و ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان. بە گوێرەی هەواڵێکی بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، برایان هوک بە ئاژانسی دەنگ و باسی ئەسێوشێتد پرێسی راگەیاندووە کە "دەبێت وڵاتانی جیهان هەڕەشەکانی ئێران بۆ تۆڵەکردنەوە فەرامۆش بکەن هاوکاتی درێژکردنەوەی بڕیاری گەمارۆی چەک لەسەر ئێران و ئەو هەڕەشانەشی بە شێوازێک لە شێوازەکانی کارکردنی مافیایی ناودێر کردووە". هوک جەختیشی کردۆتەوە لەوەی درێژکردنەوەی ئەو گەمارۆ چەکیانە لەسەر ئێران دەبێت بمێننەوە.

جێی باسە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی 2010دا گەمارۆی چەکی سەپاندۆتە سەر ئێران هاوکاتی ئەو مشتومڕە زۆرەی لەسەر بەرنامە ناوکییەکەی ئێران هەبوو.

بزووتنەوەی ئیسلامی:

ئەوەی داوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی کوردستان بکا ئاهی دایکی شەهیدان دەیگرێت

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان ئاماژە بەوە دەکات هەرکەسێک باس لە هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکات، ئاهی دایکی شەهیدان دەیگرێت.

ئەنوەر عەنەبی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان رایگەیاندووە، ئەو شکۆیەی ئێستا تاکی کورد هەیەتی، بەهۆی قەوارەی هەرێمی کوردستانەوەیە.

ئەنوەر عەنەبی بە ئاماژەکردن بەوەی هەزاران کەس خۆی بۆ دروستکردن و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بەخت کردووە، بە باسنیوزی راگەیاندووە، ئاهی دایکی شەهیدان ئەو کەسانە دەگرێت، کە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو قەوارەیە دەکەن. هەروەک ئەو سەرکردەیەی بزووتنەوەی ئیسلامی رایگەیاند، داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دڵی کوردستانییان ئازار دەدات و هەرکەسێک مەبدەئی هەبێ، قسەیەکی لەو شێوەیە ناکات.

شۆڕش عەزیز سورمێ لە ڕۆژنامەی «کۆرییرا دێلا سێرا»ی ئیتاڵی:

هەڵوێستی رۆژئاوا بەرامبەر بە کورد بانێک و دوو هەوایە



ڕۆژنامەی سەرەکی ئیتاڵیا "کۆرییرا دێلا سێرا" لە ژمارەی 26ی ئەم مانگەدا وتارێکی ڕۆژنامەنووسی کورد "شۆڕش عەزیز سورمێ"ی بڵاوکردۆتەوە، لە ژێر ناونیشانی "ئەو گەلەی کە بەردەوام لە ئازار و ئەشکەنجە دایە و هەمیشە بە تەنیایە".

ڕۆژنامەنووس لە وتارەکەیدا باس لەوە دەکات کە ئەو کاتەی ڕۆژئاوا پێویستی بە یارمەتی کورد هەبوو، لە هەمووکاتێکدا بەکاریانهێنا، بەتایبەتیش لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش، هەر دوابەدوای شکستهێنانی داعشیش کوردیان لەیاد کرد و بەلاوەیان نا، لەوەش زیاتر یارمەتی ئەو وڵاتانەشیان دا کە بەردەوام لە ئازار و ئەشکەنجەدانی کورد.

لە کۆتایی وتارەکەشیدا ڕۆژنامەنووس شۆڕش عەزیز سورمێ جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژاوا بەرامبەر بە کورد وەکو بانێک و دوو هەوا وایە.

جەبار یاوەر: گومانم لە راگەیێندراوەکانی عێراق لەبارەی بۆردوومانەکانەوە هەیە



ئەمیندارى گشتیى وەزارەتى پێشمەرگە ڕایدەگەیێنێت، چۆن فڕۆکەیەکى جەنگیى تورکیا بەبێ ڕەزامەندیى دەسەڵاتى فڕۆکەوانیى عێراق نزیکەى 120کیلۆمەتر ئاسمانى عێراق دەبڕێت و دەچێت کونەماسى لە سلێمانى بۆردوومان دەکات؟ بۆیە گومان لەو ڕاگەیێندراوانەى حکوومەتى فیدراڵ دەکەم کە لەبارەى بۆردوومان و تۆپبارانەکانى تورکیا و ئێرانەوە دەریاندەکات. جەبار یاوەر، ئەمیندارى گشتیى وەزارەتى پێشمەرگە دوێنێ یەکشەممە لەکاتى بەشدارىکردنى لە هەواڵەکانى تۆڕى میدیایى ڕووداو بۆچوونیانى لەسەر بۆردووومان و تۆپبارانە بەردەوامەکانى سوپاى تورکیا و ئێران بۆ سەر ناوچە سنووریيەکانى باشوورى کوردستان خستەڕوو.

ئەمیندارى گشتیى وەزارەتى پێشمەرگە ڕایگەیاند: حکوومەتى هەرێمى کوردستان وەکو سەرۆکایەتیى ئەنجوومەنى وەزیران ڕاى لەو بارەیەوە دەربڕیوە کە تێیدا هەم داواى وەستاندنى ئەو تۆپباران و بۆردووومانانە دەکات و هەم داوایشدەکات بیانوو نەدرێتە دەست دەوڵەتى تورکیا و ئێران. پەرلەمانى کوردستانیش ئیدانەى ئەو تۆپباران و بۆردووومانانەى کردووە.

جەبار یاوەر ئاماژەى بەوەش کرد کە بەهۆى بۆردووومانەکانەوە نائارامییەکى زۆر لەسەر سنوور دروستبووە، بۆیە بەرژەوەندیى هەموو لایەک ئەوەیە سنوورەکان ئارام بن. لەبارەى هەڵوێستى عێراقیش لەسەر بۆردوومانکردن و تۆپبارانکردنى ناوچە سنووریيەکان ئەمیندارى گشتیى وەزارەتى پێشمەرگە ڕایگەیاندووە: لە ڕووى دەستوورى و یاساییەوە ئەرکى پاراستنى سنوور و ئاسمانى هەموو عێراق کە هەرێمى کوردستانیش بەشێکە لەو دەوڵەتە لە ئەستۆى حکوومەتى عێراقى فیدراڵە کە زۆر جار حکوومەتى هەرێمى کوردستان تۆمەتبار دەکرێت یان زۆر جار بە ناهەق هێزى پێشمەرگە تۆمەتبار دەکرێت.

جەبار یاوەر سەرسوڕمانى خۆى لە بەزاندنى ئاسمانى عێراق لەلایەن فڕۆکەکانى تورکیاوە نیشاندەدات و دەپرسێت: چۆن فڕۆکەیەکى جەنگیى تورکیا نزیکەى 120کیلۆمەتر ئاسمانى عێراق دەبڕێت و دەچێت کونەماسى لە سلێمانى بۆردوومان دەکات؟ لە کاتێکدا دەسەڵاتى فڕینى هەر فڕۆکەیەک بەسەر ئاسمانى عێراقدا دەبێت لەلایەن دەسەڵاتى فڕۆکەوانیى عێراقەوە ڕێگەى پێبدرێت. بۆیە بە گومانم لەو ڕاگەیێندراوانەیە کە لە عێراق بە شێوەیەکى گشتى لەوبارەیەوە دەردەکرێن.

ئەمیندارى گشتیى وەزارەتى پێشمەرگە گوتیشى: حکوومەتى فیدراڵى ئەگەر بیەوێت بە ڕاگەیێندراوێک کۆتایى بەو مەینەتیە بهێنێت، بەمە تەواو نابێت. دەبێت حکوومەتى عێراق جیددیتر لەگەڵ تورکیا و ئێران بێتە پێش بۆ ئەوەى گفتوگۆ بکەن چۆن بتوانن ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن.

تەندروستیی عێراق هۆشداری لە شەپۆلێکی دیکەی کۆرۆنا دەدات

وەزیری تەندروستیی حکوومەت عێراق هۆشداریی لە خراپتربوونی ڕەوشی تەندروستی و شەپۆلێکی دیکەی کۆرۆنا دەدات. دوێنێ یەکشەمە 28-6-2020حازم جومەیلی، وەزیری تەندروستیی عێراق بە ئاژانسی فەرمیی هەواڵی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە، هێشتا عێراق لە شەپۆلی یەکەمی پەتای کۆرۆنایە. حازم جومەیلی هەروەها ڕایگەیاندووە، ڤایرۆسی کۆرۆنا خۆی دەگۆڕێت و جێگیر نییە و هەندێ لایەنی شاراوەی هەیە، «هۆشداریی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیش لەبارەی شەپۆلی دووەمی پەتاکە لەسەر بنەمای زانستی و لێکۆڵینەوە دراوە». وەزیری تەندروستیی عێراق هۆشداریی بە هاووڵاتییانی وڵاتەکەی داوە و ڕایگەیاندووە، جێبەجێنەکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان عێراق دەبەنە قۆناغی شەپۆلی دووەمی پەتای کۆرۆنا و بارودۆخەکە سەختتر دەبێت. جێی باسە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە 43هەزار و 262کەس لە عێراق تووشی پەتای کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەشدا، هەزار و 660کەس گیانیان لەدەستداوە.



هەڵەبجە.. یادی شەهیدانی کیمیابارانی سەردەشت بەرز ڕادەگرێت

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و تۆڕی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە، بە بۆنەی 33یەمین ساڵیادی کیمیابارانی شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوێنێ یەکشەممە گردبوونەوەیەکیان ساز کرد و تێیدا هاوخەمیان بۆ کەسوکاری قوربانیانی سەردەشت دەربڕی.

جێگری سەرۆکی تۆڕی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە فەرهاد قادر ڕایگەیاند: «ئەمڕۆ 2020\6\28 لەسەر مەزاری شەهیدانی هەڵەبجە، ڕێوڕەسمێکمان بە بۆنەی33یەمین ساڵیادی کیمیابارانی شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساز کرد و تێیدا پەیامی هاوخەمیمان بۆ شاری سەردەشت و کەسوکاری قوربانیانی کیمیابارانی سەردەشت دەربڕی».

گوتیشی: «ساڵانی پێشتر توانیومانە وەک شاندی هەڵەبجە بڕۆینە سەردەشت و لەگەڵیان بەشداری ڕێوڕەسمەکە بکەین، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، ڕێکارەکانی تەندروستی و داخستنی مەرز نەمانتوانی لەگەڵیان بەشدار ببین».

ڕێکەوتی7ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی (1987\6\27)، لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە، شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کیمیاباران کرا و بەو هۆیەوە نزیکەی (110) هاوواڵتیی بێتاوانی ئەو شارە شەهید بوون و هەشت هەزاری دیکەش بریندار بوون کە هەتا ئێستاش لە ئازار و خەمدان و بەشێک لە بریندارەکان بەدەم ئەو ئازارەوە دەناڵێنن.

ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی خشتەی مووچە بڵاو کرایەوە

چەند پەیجێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لیستێکی موچەیان بڵاوکردۆتەوە

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی خشتەی مووچەی فەرمانبەرانی بڵاو کردەوە.

لەڕوونکردنەوەکەی خوێندنی باڵادا هاتووە چەند پەیجێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لیستێکی موچەیان بڵاوکردۆتەوە گوایە ئەمە خشتەی نوێی موچەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیە، لێرەوە بە ڕای گشتی و سەرجەم مامۆستاو فەرمانبەرانی بەڕێزی دامودەزگاو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنین، کە ئەم خشتەیە دوور و نزیک پەیوەندی بە مووچەی وەزارەتەوە نیەو دووری لە ڕاستیەوەو ساختەیە.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئاماژە بەوەش دەکات کە بۆ پرسی موچە لە نزیکترین دەرفەتدا ئەنجومەنی وەزارەت کۆدەبێتەوەو بڕیاری پێویست دەدات.

ل دهۆکێ 35 تووشبووێن کۆرۆنایێ ناڤ نەخۆشخانێ دا ماینە



بەرپرسێ ڕاگەهاندنێ ل ڕێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ دیارکرکو هەتا دوهی 28/6/2020ێ ل پارێزگەها دهۆکێ 553 کەس نالف 12 جهێن کەرەنتینان دا ماینە و ژسەرجەمێ 168 تووشبووێن کۆرۆنایێ ل دهۆکێ هەتا ئەڤرۆ 133 تووشبووی هاتینە چارەسەرکرن.

هەمزە رەزیکی، بەرپرسێ ڕاگەهاندنێ ل ڕێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ دیارکرکو: «هەتا ئەڤرۆ ل دهۆکێ 168 تووشبووێن کۆرۆنایێ هاتینە تۆمارکرن ژوانا ژی 133 تووشبووی هاتینە چارەسەرکرن. نۆکە ل دهۆکێ 35 تووشبووێن کۆرۆنایێ ناڤ نەخۆشخانی دا ماینە، چارەسەری وەردگرن وکەرەنتینکرنا وەلاتیان ژبەر مەترسیا کۆرۆنایێ یا بەربەردەوامە وهژمارا کەسێن کەرەنتینکری گەهشتیە هەشت هزار و 126 کەسان. ژوانا ژی هەتا نۆکە حەفت هزار و 573 کەس ژناڤ کەرەنتینان چووینە مالێن خوە. نها 553 کەس ماینە ناڤ جهێن کەرەنتینان دا».

خۆیا ژی کرکو: «ل دهۆکێ هیچ تووشبوویەکێ کۆرۆنایێ گیانێ خوە ژدەست نەدایە و هەتا نۆکە ل دهۆکێ ژمارا پشکنینان گەهشتنە 28 هزار و 343 پشکنینێن کۆرۆنایێ هەتا نۆکە».

وەزارەتی کارەبا خشتەی کەمکردنەوەی مووچەی بڵاوکردەوە

وەزارەتی کارەبا بۆ پرکردنەوەی کورتهێنان لە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران، کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەرداوە، خشتەیەکی بڵاوکردەوە. بەگوێرەی خشتەکە، ڕێژەی بڕینی مووچە، بەگوێرەی زۆریی مووچەکە دەبێت. ئەنجوومەنی وەزیران، تەنها بۆ ئەم مانگە و لەبەردابەزینی نرخی نەوت، بڕینی بودجەی هەرێم وکەمبوونەوەی داهاتی ناوخۆ، بڕیاریدا مووچە کەمبکرێتەوە.

پرسەنامە



بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو ئەقدەر عومەر فەوزی

خەمباربوویەن بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ و کادیری تێکۆشەر و دڵسۆز و، ئەندامی مەکتەبی کارگێڕی و دارایی پارتیمان خوالێخۆشبوو (ئەقدەر عومەر فەوزی).

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و سەرجەم خزم و کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی هەڤاڵی کۆچکردویشمان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

سوپاس و پێزانین

بە ناوی بنەماڵە و کەس و کاری خوالێخۆشبوو (ئەسعەد ڕەشۆ مەلا خاڵ هەمزە مێرگەسۆری) پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران، سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی گشت خوشک و برا بەڕێزەکانمان لە دەڤەری بارزان و شارەکانی تر دەکەین کە لە کاتی نەخۆش کەوتنی خوالێخۆشبوو بە بەردەوامی بە سەردان و تەلەفۆن لەگەڵمان بوون و سوپاسێکی بە پایان بۆ مەکتەبی بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ بە دواداچوون و هەوڵەکانیان لەگەڵ تیمی پزیشکی نەخۆشخانە.

ڕێز و سوپاس بۆ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نوێنەر و ئەندامانی سەربەرزی بنە ماڵەی بارزان و هەموو خزمان، دۆست، ڕیش سپی، کەسایەتی و مامۆستایانی ئایینی، بەڕپرس و هەڤاڵانمان لە دام و دەزگاکانی حزبی، لەشکری، کارگێڕی، کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن کە لە مەڕاسیمی ناشتن و بە خاکسپاردن بەشداریان کردووە و ئەوانەی کە بەهۆی پابەند بوونیان بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزیی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە ڕێگای نامە و تەلەفۆن هاوخەمی خۆیان لەگەڵ خانەوادەکەمان دەڕبڕیووە.

لە کۆتاییدا هیوای تەندروستی و خێر و پاداشت بۆ هەموو لایەك لە دەرگای یەزدانی پاك و بەخشندە دەخوازین و دوعای تەمەن درێژی و سەرکەوتن بۆ بەڕێز جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی و تەواوی بنەماڵەی سەربەرزی بارزان دەکەین و سۆز و بەڵێن دەدەینە خۆمان و سەروەر و سەرۆکمان کە هەردەم بەردەوام بین لە سەر ئەو ڕێچکە و بیر و باوەڕەی کە باب و باپیرانمان لە سەری ڕۆیشتوون و هەمیشە پێشمەرگە و دڵسۆز و پارێزەری ئەو ڕێبازە و خاکە بین و هەموو شیان و هەموو توانای خۆمان بۆ خزمەتی گەلی و ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر بەکار بێنین.

انا لله و انا الیه راجعون

لە جیاتی بنەماڵەی خاڵ هەمزەو خانەوادەی
ئەسعەد ڕەشۆ مەلا خاڵ هەمزە مێرگەسۆری

ئەمڕۆ مووچەی هەردوو یەکەی 70 و 80 دابەش دەکرێت

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، مووچەی دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە و یەکە و لیواکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە دابەش دەکرێت.

وەزارەتی دارایی گوتی: «دوێنێ یەکشەمە 2020/6/28 مووچەی دیوان و لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ مانگی 2020/2 دابەش کرا».

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوی وەزارەتی دارایی: «ئەمڕۆ دووشەممە 2020/6/29 مووچەی یەکەی 70 و 80 بۆ مانگی 2920/2 دابەش دەکرێت».

وەزارەتی شارەوانی دەستی کردووە بە گۆڕینی سەرۆک شارەوانییەکان و زۆربەشیان دەگۆڕدرێن

لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پڕۆسەی گۆڕینی سەرۆک شارەوانییەکان دەستی پێکردووە، گوتەبێژی وەزارەتی شارەوانیش دەڵێ، زۆربەی سەرۆک شارەوانیەکان بەر پڕۆسەکە دەکەون.

کوردۆ شابان، گوتەبێژی وەزارەتی شارەوانی ڕایگەیاند: «بڕیار بوو پێشتر گۆڕانکارییەکە بکرێت، چونکە هەر کاتێک کابینەی حکوومەت دەگۆڕدرێت، لە زۆربەی ئاستەکان گۆڕانکاری دەکرێت، لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکاریانەش وەزارەتی شارەوانی دەستی کردووە



بە گۆڕینی سەرۆک شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان».

گوتەبێژی وەزارەتی شارەوانی دەڵێت: «بەشێک لە سەرۆک شارەوانیەکان تێبینییان لەسەر هەیە و بەشێکی دیکەشیان ماوەی چەند ساڵێکە لەو پۆستەدان و پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە».

شابان ڕوونیشی کردەوە: «ماوەکانی ڕابردوو سەرۆکی شارەوانیی هەولێر و بەڕێوەبەرانی شارەوانییەکانی ناو هەولێر گۆڕدران و بڕیارە هەموو سنوورەکانیش بگرێتەوە، بێگومان کەسانی نوێ و پسپۆڕ لەو بوارە دەکرێنە سەرۆک شارەوانی».

حاجیاوا..تەرمی گەنجێك دۆزرایەوە

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند کە لە بەروارى ٢٨/٦/ ٢٠٢٠ کاتژمێر ٢ی شەو تەرمی هاووڵاتییەك بەناوی (ڕ،ع،ح) تەمەن ٣٣ ساڵ دانیشتووی ناحیەی حاجیاوا گەیەنرایە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە کە شوێنەواری یەك فیشەك بە جەستەیەوە هەیە.

پۆلیسی ڕاپەڕین دەڵێت :ڕووداوەکە لە ناحیەی چوارقورنە ڕوویداوە و بەمەبەستی زانینی هۆکاری ڕاستەقینەی ڕووداوەکە ،دۆسییەی لێکۆڵینەوە کرایەوە.

هەروەها پۆلیس دەشڵێت: بەگەیشتن بە ئەنجامی هۆکاری ڕاستەقینەی ڕووداوەکە، زانیاری زیاتر بڵاو دەکەینەوە.

دوای کۆرۆنا.. پرسە بمێنێت یان نەمێنێت..؟!

هاوواڵتیان ڕای جیاوازییان لەسەر دانان و هەڵگرتنی پرسە هەیە



ڕۆژنامەنووسێك: دەكرێ ئەو پارەیەی لە پرسە خەرج دەكرێت، وەك خێر و سەدەقە بۆ مردووەكە یانیش بكرێتە پرۆژەیەك.

سۆران، خەبات: ڕەنجبەر بەرزنجی

لەگەڵ سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان وەك هەنگاوێکی خۆپارێزی و ڕێگەنەدان بە تەشەنەسەندنی زیاتری ڤایرۆسەکە، دانانی پرسەیان قەدەغەکرد، ئەمەش وایکرد ژمارەیەك لە هاوواڵتیان ئەو بابەتە بوروژێنن، کە دەکرێ لەدوای پەتای کورۆناشەوە پرسە بە یەکجاری نەمێنێت، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە بابەتی دانانی پرسە زیاتر بابەتێکی کۆمەڵایەتییە نەك ئایینی، لەو ڕاستاییەدا چین و توێژەکانی دەڤەری سۆران بەمشێوەیە ڕای خۆیان لەسەر دانان یانیش هەڵگرتنی پرسە بە یەکجاری بۆ خەبات خستەڕوو.

ئاراس عەبدوڵڵا وەك ڕاوێژکارێکی یاسایی لەسەر بابەتی مان و نەمانی پرسە بە یەکجارەکی دەڵێت: کۆمەڵگای کوردستان بە کۆمەڵگایەکی کراوە هەژمار دەکرێت، بەو مانایەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی بەرز دایە، لەم ڕوانگەیەوە من بە باشی دەزانم پرسە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ یان یەك ڕۆژ دوای ڕێکخستنەوەی بمێنێت، بۆ هەر ڕۆژێکیش لە سێ کاتژمێر زیاتر نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەم دوو هۆکارە:

یەکەم: بە هۆی بەهێزیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەر پرسە لە هۆڵ و مزگەوتەکان نەمێنێت ئەرك و خەرجی و ماندووبوونی زیاتر بۆ خاوەن پرسە دروست دەبێت، چونکە خەڵك سەردانی ماڵەوەیان دەکات و تێکەڵاوی و خەرجی زیاتر دروست دەبێت، وەك پێدانی چای و دروستکردنی خواردن، ئەمە لە کاتێکدا لە هۆڵ و مزگەوتەکان تەنیا ئاوی خواردنەوە بەسەر ئامادەبووان دابەشدەکرێت.

هۆکاری دووەم: زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان لە خانووی سەد یان دووسەد مەتری دەژین کە توانای لەخۆ گرتنی میوانی زۆری نییە , ئەمەش دەبێتە کێشە بۆیان لە ئەنجامدا پەنا بۆ ماڵی دراوسێکانیان دەبەن بۆ ئەوەی شوێنی پیاوان و ئافرەتان لێك جیابکەنەوە , جگە لەم دوو هۆکارانە هۆکاری دیکەش هەن بۆیە پێویستە پەلە نەکرێت لە بریاری قەدەغەکردنی پرسە لە دوای نەخۆشی کرۆناوە , پێویستە لە کاتێك ئەو بریارە بدرێت کە خەڵك بە تەواوی پابەندی بن چونکە من لەوباوەرە دام ئەگەر بریارەکەش بدرێت پابەندبوون زۆر کەم دەبێت.



هەر لە درێژەی بابەتەکەدا مامۆستا شەوقی باویل لەتیف پێیوایە پرسە بە یەکجاریی نەمێنێت و گوتی: بەڕای من پرسە بە یەکجاریی نەمێنێت و ئەمەش بە هەنگاوێکی زۆرباش دەزانم، چونکە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش هیچ بەڵگەیەك نییە کە بیسەڵمێنێت مردوو دەبێ پرسەی بۆ دابنرێت، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەوەیە نوێژی لەسەر بکرێت و تاسەر گۆڕستان و ناشتنی یاوەری بکرێت، لەمە زیاتر هەرشتێکی دیکە کە دەکرێت زیادەیە و ئەرکی خاوەن پرسەکە زیاتر دەکات.

لە لایەکی دیکەوە هەژار ماهیر تێدلبی وەك چالاکوانێکی مەدەنی دەڵێت: لەگەڵ سەرهەڵدانی شەپۆلی کۆرۆنا بۆ جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لە دەستپێکی ڕێککارە تەندروستییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە بە دەستی هێنا لە سۆنگەی پاراستنی گیانی هاوواڵتیان، وەزارەتی ناوخۆ و لیژنەی باڵای فەتوای هەرێم وەك هەوڵێك بۆ خۆپارێزی هاوواڵتیان دانانی پرسەیان بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاگرت، بەڵام تا ئەمڕۆش وەك نەریتێکی باو و پەیوەستکراو بە ئیسلام بەردەوامە، من وەك خۆم پێمباشە پرسە هەر بمێنێت، ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێك، یەکێك لەوانە ناکرێ کەسێك خۆشەویستێکی لە دەستبچێت و کەسە نزیکەکانی بۆ ماوەیەك هاوبەشی خەم و پەژارەکەی نەبن، تا بە تێپەڕبوونی کات ئەو پەژارەیە کاڵببێتەوە، بە واتای ئەوەی پێویستە خەڵك لە کۆمەڵگا هاوکاری یەکتری بن و لە خۆشی و ناخۆشی بە تەنگ یەکەوە بچن، لە هەمانکاتدا لەگەڵ مانەوەی پرسە ئایینییەکەی شارەزا و زانایانی ئایینی باشتر دەتوانن قسەی لەسەر بکەن، بەڵام لەڕووی لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی بەڕاستی پرسە بۆتە بارگرانییەکی زۆر لەسەر خاوەن پرسە، لەسەر ئەو بارگرانییە زۆرەش نمونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە، لە سنووری قەزای سۆران لە پرسەیەکدا لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر بەشداری پرسەکە بوونە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دۆلار خەرج کراوە، کە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خاوەن پرسە دروست کردووە، بۆیە وەك ڕۆژنامەنووس و چالاکوانێکی مەدەنی، پێموایە دەکرێ ئەو پارە زۆرە وەك خێر و سەدەقە بۆ مردووەکە یانیش بۆ پرۆژەیەك خەرج بکرێت، کە دواجار هەم سوودی بۆ خودی مردووەکە لە ڕووی ئایینی و خێر و سەدەقە و هەمیش بۆ کۆمەڵگا هەبێت.



ڕاوێژکارێکی یاسایی:

ئەگەر پرسە لە هۆڵ و مزگەوتەکان نەمێنێت، ئەرك و خەرجی و ماندووبوونی زیاتر بۆ خاوەن پرسە دروست دەبێت.

ئەو ڕۆژنامەنووسە دەشڵێت: دەکرێ لە دوای پرسی کۆرۆناوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پرۆژەیەك بدەینە لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی چیتر ئەم بابەتە نەبێتە بارگرانی بەسەر خاوەن پرسەکە و پێشموایە ڕەنگە نەکرێت ئەم بابەتە لە قۆناغی یەکەم یەکسەر قەدەغە بکرێت، پێویستە بە پلانێکی پێنج یانیش دە ساڵە کاری لەسەر بکرێت و پرسە تەنیا خۆی لە چەند کاتژمێرێکی دیاریکراو بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ببینێتەوە لە دوای ئەوە خەڵك بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان و بارگرانی بۆ خاوەن پرسەکە دڕووست نەکەن، لە لایەکی دیکە دەبینین بەرپرسەکانی حکوومەت لە کاتی دەوامی ئاسایی دەوامی فەرمانگەکەیان جێهێشتووە و سەردانی پرسەکانیان کردووە، کە ئەمە کاریگەری لەسەر ڕاییکردنی کاروباری هاوواڵتیان لە فەرمانگەکانی حکوومەتەوە هەبووە، بۆیە لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم بابەتی پرسە پێویستی بە ڕێکخستنەوەیەکی نوێ هەیە.

چالاکوانێك: ناکرێ کەسێك خۆشەویستێکی لە دەستبچێت و کەسە نزیکەکانی هاوبەشی خەم و پەژارەی نەبن.

هەولێر.. خواست لەسەر کڕینی بەفر کەم بووە

خاوەن کارگەیەکی بەفر دروستکردن:

کارەبا کەمبێتەوە خواست لەسەر بەفر زیاد دەکات



خەبات: هەولێر

ساڵانە لەگەڵ هاتنەوەی وەرزی گەرما، کارگەکانی بەرهەمهێنانی بەفر دەکەونە گەڕ و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و نەبوونی کارەبا، خواستی زیاتری هاوواڵتیان دەخاتە سەر کڕینی بەفر.

خاوەن کارگەیەکی بەرهەمهێنانی بەفر ئاماژە بەوە دەکات کە پێشتر ژمارەیەکی زۆر قالب بەفریان بەرهەم دەهێنا، بەڵام ئێستا بەهۆی قەدەغەکردنی هاتوچۆی نێوان پارێزگاکان و ڕێنماییە تەندروستییەکان، ڕۆژانە ژمارەیەکی کەمتر بەرهەم دەهێنن.

خاوەن کارگەی بەردەوام بۆ دروستکردنی بەفر، زوبێر محەمەد خدر گوتی: کارگەی بەفر لە وەرزی هاوین دەستبەکاردەبێت، چونکە لە وەرزی هاوین پلەی گەرما لە شاری هەولێر بەرزدەبێتەوە، پێشتر کارەبا کەم بوو، خەڵك زیاتر خواستی لەسەر بەفر هەبوو، بەڵام ئێستا زیاتر گۆشت، ماست و ماسی فرۆشەکان بەکاری دەهێنن، بەڵام لەئێستادا بەهۆی بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا، فرۆشی بەفر کەم بووە و ناتوانرێت بۆ خواردن و خواردنەوە بەکار بێت، بۆیەش ئەمە کاریگەری کردووەتە سەر ڕێژەی فرۆشتن و بەرهەمهێنانی بەفر.

ڕێگاکان گیراون.

زوبێر محەمەد گوتیشی: بەهۆی بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بەلەبەرچاوگرتنی ڕێنماییە تەندروستییەکان، ئەم بەفرە





پێکهاتەکان هاوۆڵاتی ڕەسەنی کوردستانن و خاوەنی بڕیاری سیاسیی خۆیانن



وەیسی سەعید وەیسی

پێکهوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی یەکێ لە خەسڵەتە جوان و دیارەکانی کۆمەڵگای کوردستانییە کە لە سەربنەمای دانپیانان بەیەکتری دروست دەبێت، بەوجۆرەی هەموان مافی بوونیان هەیە و مافی جیاوازیشیان هەیە لەرووی نەتەوە و ئایین و زمان کە تەنها لەسەر ئەم جیاوازییەش دەتواندرێت بنچینەی ژیانی مرۆڤایەتی دروست بکەین، لەدێرین زەمانەوە لەگەڵ ئەوەی کوردستان بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆر گوزەری کردووە بەڵام هەمیشە شوێنی پێکەوەژیانی هەموو ئایین و نەتەوە و مەزهەبێک بووە کە کوردستانیان بە جیاوازی ئایین و زمان و بیروبۆچوونەوە لە ژێر چەترە گەورەکەی کوردستان کۆبوونەتەوە و ئیهتدارانی سەرجەم ئایینەکان بەیەکەوە سەرقاڵی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بوونە تەنانەت ئەم واقیعەی کە لە کوردستاندا بوونی بووتە مایەی ستایش و پێزانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە بایەخەوە لێی دەروانن، بۆیەش لەراپۆرتی سالانەی خۆیدا کۆمیسیۆنی ئەمریکی بۆ ئازادییە ئایینییەکان تیشکی خستۆتەسەر پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستان و وەک پەناگەیەکی ئارام بۆراگوێزراوان و لێقەوماوەکان لەپێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکان وەسف دەکات کە ئەمەش مایەی شانازییە بۆ خەڵکی کوردستان و سەروەرییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی گەلی کوردستان لە حەقیقەتی ئیسلام وەک ئایینێکی لێبوردە و میهرەبان وێرای ئەوەی ڕێبەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان هەمیشە فاکتەرێکی گرنگ بوونە بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی بنەماکانی پێکەوەژیان و داکۆکیکردن لە مافی پێکهاتەکان.

بۆیەش گەر تەنها گوندی(بارزان) بە نموونە بهێنینەوە ئەم ڕاستییەمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە جگە لەوەی (بارزان) لانکی شۆرش و کوردایەتی بووە لە هەمان کاتیشدا لە سایەی حوکمرانی شێخ عبدالسلام بارزانی باوەردارانی چەندین ئایین بەبێ جیاوازی لە ئەرک و مافدا یەکسان بوونە و هەستیان بە هیچ جیاوازییەک نەدەکرد و شوێنی ئایینی باوەردارانی هەرسێ ئایین (موسڵمان -مەسیحی -جوو)لەتەک یەک بوون، بۆیەش کاتێک قەشەی بەناوبانگ (وێکرام) دێتە دەڤەری بارزان دەبینێ شێخ عبدالسلام بارزانی زیاتر لەوان لە خەمی باوەردارانی هەموو ئایینەکان دایە بێ جیاوازی خۆشحاڵ و سەرسام دەبێت، بەشێخ دەڵێت ئەوی تۆ دەیکەی بۆ پێکەوەبوون بە ئێمە ناکرێت، بۆیە دەگەڕێتەوە،

وەنەبێت پاراستنی ئەم فەرهەنگە جوانەیە تەنها لە قۆناغێک لەقۆناغەکانی مێژوودا بووبێت، بەڵکو بە درێژایی مێژوو هەمیشە هەوڵی پاراستن و قوڵکردنەوەی ئەم کولتوورە دراوە، تەنانەت لەسەردەمی شۆرشی ئەیلوولی مەزنیش هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لەژێرسەرکردایەتی بارزانیی نەمر بۆیەک ئامانج و مەبەست کۆبوونەوە کە رزگاریی نیشتمان بوو کە سەرەنجام خودی بارزانیی نەمریش بووە پارێزەری مافەکانیان و وای کرد حکوومەتی ئەوکاتی عێراق دان بەمافی هەموو نەتەوە و ئایینەکاندا بنێت لەکوردستاندا، تەنانەت دوای ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار لەگەڵ ئەوەی بەپێی یاسای ئەوکاتی عێراق ڕێگاپێنەدراو بوو کە کەسێکی ناموسڵمان ببێتە قائیمقام بەڵام پێداگری و سووربوونی بارزانیی نەمر وای کرد ڕەحمەتی (فەرنسۆ هەریری)کە بە ئایین ئاشوری بوو بکرێتە یەکەمین قائیمقامی قەزای چۆمان، بۆیەش لەخەباتی شاخ و شۆرشگێریشدا لەپێناو پاراستنی کوردستان خۆیئ ئیماندارانی هەموو ئایینەکان تێکەڵاوی یەکتربوونە و لەزۆر شوێنیشدا لەتەک یەکتردا نێژراون، وێرای ئەوەی دوای ئازادیی کوردستان و هاتنەئارای پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان هەوڵ درا لەرێگای سیستەمی کۆتا مافی هەموو پێکهاتەکان بپارێزێت و نوێنەری هەموان لەو دامەزراوە یاساییەدا هەبێت، کە یەکەمین یاساش لەپەرلەمانی کوردستان دەرچوو یاسای ژمارە(1)ی ساڵی (1992)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو کە لەڕێی سیستەمی کۆتا مافی پێکهاتەکانی لەنێو پەرلەماندا مسۆگەر کرد، هەروەها بە یاسای ژمارە(5)ی ساڵی (2015) مافی پێکهاتەکانی لەدەسەڵاتی ڕاپەراندن و سەرجەم دامودەزگاکان مسۆگەر کرد کە مایەی خۆشحاڵیشە هەموو دەم سەرۆک مەسعود بارزانی وەک دڕێژەپێدەری ستراتیژییەت و ڕێبازی بارزانیی نەمر پارێزگاری لە مافی هەموو پێکهاتەکانی کرد و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا کاتێک گرووپی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان و لە هەوڵی تێکدان و درز دروستکردن بوون لە نێوان پێکهاتەکان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەژێر ڕێنمایی و فەرمانەکانی سەرۆک بارزانیدا لە پێناو پاراستنی ئەم بەها جوانەیە فیداکارییەکی کەم وێنەیان نواند و پارێزگارییان لە هەموو ئایین و نەتەوەیەک کرد کە هەرێمی کوردستانیش بووە پەناگەیەک بۆ ئاوارە و لێقەوماوان لەسەرجەم پێکهاتەکان کە بەهۆی ڕەوشی نالەباری عێراق ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو،

بۆیەش لە ئان و ساتێکی وەک ئێستای کوردستاندا لەبەر هەبوونی هەڵوێستی تایبەتی خۆیان لەسەر ماددەیەک لەپەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و بەشداریان لەدانیشتنی هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر سۆران عومەر بەداخەوە ڕووبەڕووی شەپۆلێکی هێرش کردن بوونەوە کە ئەمەش مایەی سەرنج و تێرامانە، چونکە پێکهاتەکان هاوۆڵاتی ڕەسەنی هەرێمی کوردستانن و دەبێ خاوەن بڕیاری سیاسیی خۆیان بن. هێرشکردنە سەر پێکهاتەکانیش بەهەر بیانوویێک بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە بە خاڵی لاوازی ئەو لایەنانە دادەنرێت، چونکە پێکهاتەکان لە بەرەی کوردستانین و لایەنگری هیچ حزبێک ناکەن، بەڵام مافی خۆیانە هاوپەیانێتی لەگەڵ هەر حزبێک بکەن کە لەڕابردوو و ئێستاشدا هەمیشە پارێزگاری کردووە لە ماف و ئیمتیازاتەکانی ئەوان.

گرنگە هێرشەکان بۆسەر پێهاتەکان ڕابگیرێن و بەوتێروانینە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندیی لایەنێکدا بن ئەوا باشن، ئەگەریش لەگەڵ ئەوان نەبن خراپن.هەروەک «سەرۆک مەسعود بارزانی»ش لەپەیامێکدا بۆ ڕای گشتیی کوردستان داوا دەکات ئەو هێرشە ناڕەوایەی دەکرێتە سەر پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان ڕابگیرێت، کە بە بەرێزیشیان بەهەموو توانایەک پشتگیرییان لێ دەکات، چونکە بەشێکی دانەبڕاون لە گەلی کوردستان و هەموو مافێکیان پارێزراوە.



بارزانی و کوردایەتی



سوورە مەرگەیی

بارزانی لە کوێ بێ کوردبوون و کوردایەتی لەو شوێنەیە، بە پێچەوانەشەوە بارزانی لە هەر شوێنێک دوور بێ کوردبوون و کوردایەتی لەو شوێنە زەلیل و داماوە، بە گەڕانەوەش بۆ مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە بەدی دەکرێ، کە بارزانی و کوردبوون و کوردایەتی دوو چەمکی لێکئاڵاون و هیچ هێزێک نەیوانیوە لە یەکتریان جیا بکاتەوە و لەمەولاش لە یەکتری جیا ناکرێنەوە, ئەوە بارزانی نەمر و کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە باکوور و (کوردستان یان نەمان) لە باشوور, ئەوە سەرۆک بارزانی و ریفراندۆم و گەڕانەوە بۆ دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردستان و، پێداگری لەسەر بەدەسهێنانی مافی سەربەخۆیی و پاراستنی دەستکەوتەکان و، بەرز ڕاگرتنی ئاڵا و بەرەودان بە کوردبوون و کوردایەتی و کۆی ڕەمز و بەها نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان، ئەوە نێچیرڤانی بارزانی و کۆڕبەندی داڤۆس و شەکانەوەی ئاڵای کورستان لە پشت سەرۆک کۆماری بەهێزترین وڵاتی جیهان.

کاتێکیش دەڵێم: بارزانی لە هەر شوێنێک دووربێ کوردبوون و کوردایەتی لەو شوێنە زەلیل و داماوە، ئەوە کەرکوک و زەلیلی و داماوی کوردبوون و کوردایەتی لەو شارە کوردستانییە، تا بارزانی لە کەرکوک بوو ئاڵای کوردستان لەو شارە دەشەکایەوە، دوای ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر بە پیلانێک و بە شێوەیەکی کاتی توانرا بارزانی لەو شارە دوور بخرێنەوە، بینیمان چۆن ئاڵای کوردستان خرایە خوارەوە، ئەوەش ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێ: بە گەڕانەوەی بارزانی بۆ کەرکوک شکۆ و بەها بۆ کوردبوون و کوردایەتی دەگەڕێتەوە و ئاڵای کوردستان وەک جاران لە بەرزی دەشەکێتەوە.

ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دژی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا

ڕێبین بەکر

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەهەرێمی کوردستان حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ڕێکاری پێویستی تەندروستی گرتەبەر بۆ ئەوەی ڤایرۆسەکە لە ژێر کۆنترۆڵ دەرنەچێت ، ڕێکارەکانی تەندروستی لەهەندێک لە شارەکانی هەرێمی کوردستان وەک پێویست جێبەجێ نەدەکرا، لەکاتێکدا

قەدەغەی هاتووچۆ و ڕاگرتنی دەوامی فەرمانگەکان و خوێندن و داخستنی مزگەوتەکان کارێکی زۆر پێویست بوو، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەلامەتیی گیانی هاوڵاتیانی خۆی لەهەموو شتێک زیاتر بە گرنگتر دەزانی،

بەڵام بەداخەوە هەندێک کەسی دەسەڵاتدار دەستیانکرد بە بەسیاسیکردنی ئەو ڤایرۆسە و هێنانی خەڵکی بیانی بە قاجاغ بۆ ناو کوردستان بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، دواتر خەڵکیان لە دژی حکومەت و پارتی هاندا و بە خەڵکیان گوت ئەو ڤایرۆسە درۆیە پارتی دەیەوێت یاری بە گیانی هاوڵاتیانی خۆی بکات، چەندین کەسیان بەرتیل خوارد کرد تا لە دژی حکومەت ڕاپەڕن و کادیر و ئەندامانی خۆیان خستە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکان بۆ ئەوەی ئارامی و ئاسایشی هەرێم تێکبدەن بەڵام نەیان توانی و شکستیان هێنا لەو کارەی کە ویستیان بیکەن لە دژی حکومەت.

هەندێ کەس و لایەن پرسی پەتای کۆرۆنایان کردە پرسێکی سیاسی و وایان بڵاوکردەوە کە گوایە لە کوردستان پەتای کۆرۆنا بوونی نییە و سیناریۆی پارتییە تاوەکو پارتی ڕێگری لە خۆپیشاندانی خەڵک بکات و پرسی مووچە لەبیر خەڵکی ببەنەوە!. بەڵام بەداخەوە دوایی ڕاستیی مەترسیەکانی کۆرۆنا دەرکەوتن بە تایبەتی ئەوانەی بە چەواشەکاریەکانیان لەسلێمانی و دەوروبەری خەڵکیان لە خۆپارێزی سارد کردەوە تا ئەو کارەساتەیان بەسەرخەڵکی خۆشەویستی ئەو شارە خۆشەویستەدا هێنا. هەروەها دەرکەوت کە پەتی درۆ کورتە و ڕێکارەکانی حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسەکە ڕاست و دروستن و تیمی پارتیش لە حکومەتدا پابەندی جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی حکومەت بوون.

پارتی وەکو هەمیشە لەئاستی بەرپرسێتدا هاوڵاتیانی کوردستان و ئەندام و لایەنگرانی خۆی ئاگادار کردەوە لەمەترسی ئەو پەتایە ترسناکە کە بەرۆکی کوردستانی گرتوە تا خۆیان بپارێزن بۆ ئەوەێ ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان نەکەوێتە مەترسییەوە و تیمەکانی پارتی لە حکومەت و لە دامودەزگاکان چەندین کاری پێویست و خۆپارێزی لەو ڤایرۆسەیان گرتەبەر بۆ سەلامەتی گیانی خۆیان و هاوڵاتیان تا بەسەرکەوتووی ئەم دۆخە سەخت و دژوارە تێپەڕێنین ، بەڵام بەداخەوە چەندین کەس و لایەنی سیاسی ئەم ڤایرۆسەیان بە درۆ دەزانی و دەیان گوت بوونی نیە بەهیچ شێوەیەک ، کەچی خۆیان لەناو حوکمەت و چاکیش دەیان زانی بوونی هەیە بەڵام بۆ چەواشەکاری و موزایەدکرنی بە قوتی ژیانی هاوڵاتیان زۆر گفتار و ڕەتاری نەشیاو و نابەجێیان کرد بۆ ئەوەێ دۆخەکە بەلاڕێدابەرن، ئەمەش جێگای پرسیار و هەڵوەستەیە و دەبێ میللەت ئەوپرسیارە بکات ئاخۆ ئەم بەلاڕێدا بردن و چەواشەکاریە بۆچی و لەپایچی بوو و لەبەرژەوەندی کێدابووە و ئێستا کێ بەرپرسە لە و مەترسییە بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتووە و لەئەنجامی چەواشەکای و بەسیاسی کردنی پەتای کۆرۆنا لە کوردستان کێ بەرپرسە لەوەی بەسەدان کەس لە کوردستان گیانیان لەدەست داوە؟.



46ـەمین ساڵیادی داستانی شەڕی هیزۆپ

داستانی هیزۆپ قۆناغێکی دیکە بوو لە کاروانی سەربەخۆیی کوردستان

محەمەد عەلی*

گەلی کورد خاوەنی چەندین قارەمانییەتییە لە مێژووی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕیی نەبەردیدا، هەر لەسەرەتای دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەساڵی 1946 و بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لە ساڵی 1961 بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی باوکی ڕۆحیی کورد (مەلامستەفای بارزانی) لەم کاتەی ئێستاشدا سەرکردایەتی کورد بە سەرۆکایەتی جەنابی کاك (مەسعود بارزانی) خەباتی دوێنێ و ئەمڕۆ هەر بەردەوامە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێبازی بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول و ئاواتی شەهیدان و هیوای تەواوی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان ئەویش دەوڵەتی کوردستانە.



پێویستە ئاوڕێك لە ڕابردوو بدەینەوە، چونکە گەنجانی ئێستا لەوە بەئاگانین کە ئەم دەستکەوتانە چۆن بەرهەمهاتوون، بۆیە دەبێ هەوڵبدەین بە گێڕانەوەی داستانە میژوویییەکان و نەبەردی هێزی پێشمەرگەی پۆڵاشکێن بۆ نەوەکانمان، وەکو وەفایەکیش بۆ خوێنی شەهیدان و هێزی پێشمەرگە و سەرکردە سیاسی و شۆڕشگێڕەکان لەو سەردەمەدا.

وەکو شاهید حاڵێك دەمەوێ ئیشارەیەك بە بەرەنگاربوونەوە و قوربانیدانی پێشمەرگە بدەم لە شەڕی داستانی (هیزۆپ). داستانی شەڕی هیزۆپ لەدوای پاشگەزبوونەوەی ڕژێمی عێراق لە ڕێککەوتنامەی یانزەی ئازاری 1970 بەرپا بوو، ڕژێم بەو خەیاڵە بوون کە ئەوان لەڕووی مادی و سەربازی باش خۆیان ئامادەکردووە و بە خۆماڵی کردنی نەوت و ڕێککەوتن لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی بەهێز کە دیارترینیان یەکێتیی سۆڤییەتی جاران بوو، لەلای خۆیانەوە بەرنامەیان دانابوو ئەگەر جەنابی (مەلامستەفا بارزانی) ویستەکانی ئەوان جێبەجێ نەکا و واز لە کوردستانی بوونی (کەرکوك) نەهێنێ، ئەوا بەهێزێکی تۆکمە و پرچەك پەلاماری کوردستان بدەن و شەڕ بە کورد بفرۆشن، بەڵام سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی مەلامستەفای بارزانی زۆر باش لە نییەتی حکوومەتی عێراق تێگەیشتبوون بەتایبەتی لە دوای پیلانەکانی ڕژێم لەساڵی (1971)، تەقە کردن لە جەنابی کاك (ئیدریس بارزانی) کە ئەوکات سەرۆکی وەفدی کورد بوو لە بەغدا بۆ ڕێککەوتنی 11ی ئازار و هەروەها ئەنجامدانی پیلان بۆ شەهید کردنی جەنابی بارزانیی نەمر لەڕێگەی خۆتەقاندنەوەی چەند مامۆستایەکی ئایینی لەبەردەم جەنابی بارزانی.

سەرکردایەتیی کورد بەتایبەتی بارزانیی نەمر هەردەم ئاشتی ویستووە و دژی شەڕ بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ حاڵەتی بەرەنگاربوونەوەش هەردەم پارتی و بارزانی باش خۆیان ئامادەکردووە بۆ بەرگری کردن لەخاکی کوردستان.

کاتێك بارزانیی نەمر ڕازی نەبوو بە مساومەکردن و تەسلیم کردنی شاری کەرکووك، ڕژێمی عێراق ویستی بە هێزی چەکداری شۆڕشی ئەیلوول لەناو ببات و تەواوی باشووری کوردستان داگیر بکات. بۆیە ڕژێم بەهێزێکی زۆری سەربازییەوە پەلاماری خاکی کوردستانیان دا لە مانگی 3ی 1974 نیازیان بوو لە (3) قۆڵەوە هێرشەکانیان زۆر چڕ بکەنەوە بۆئەوەی بتوانن مەرامەکانیان جێبەجێ بکەن:

1. لە سنووری هەولێر و باڵەکایەتی بۆئەوەی پێشڕەوی بکەن و بتوانن گەلی عەلی بەگ تێپەڕ بکەن و لوتکە چیاکانی دەوروبەری (سۆران) بگرن.

2. لە سنووری سلێمانی هێرش بکەن بەرەو بیتوێن بۆئەوەی بتوانن دەست بەسەر سنووری قەزای (رانیە) و بەتایبەت دۆڵی شاوڕێ و خۆشناوەتی و چیای (ماکۆك) بگرن تا دەگاتە لوتکە چیای (کارۆخ) و زینی وەرتێ.

3. لەسنووری پشدەر هێرش بکەن بۆئەوەی لە دۆڵی شەهیدانەوە بەرەو گوندەکانی بناری قەندیل و لوتکە چیای (زێڕنەکێو) دەست بەسەرا بگرن.

مەبەست لە گرتنی ئەم 3 شوێنە ئەوە بوو مەودای تۆپخانەی ڕژێم بگاتە (گەڵاڵە و چۆمان و ناوپردان) کە سەرکردایەتیی شۆڕشی لێ بوو.

ماوەیەك بوو هێزێکی ڕژێم لە شارۆچکەی کۆیە مۆڵ درابوون بەنیازی پەلاماردانی سنووری رانیە و پشدەر لەڕێگەی چیای (هەیبەت سوڵتان)ەوە بەرەو (هیزۆپ)، بەڵام سەرکردایەتیی شۆڕش پێشەکی لەبەرنامەی ڕژێم بەئاگابوون. سەرکردایەتیی شۆڕش بۆ خۆئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ڕژێم، پلانی خۆی دانابوو و هەموو هێزی پێشمەرگە لەو دڤەرەدا کرابوون بە 3 لەشکر، ئەو لەشکرەی دەکەوتە سنووری قەزاکانی رانیە و پشدەر و باڵەکایەتی و دەشتی هەولێر و سەفین کرابوو بەیەك لەشکر و کاك ڕەشید سندی سەرلەشکر بوو کە ئەفسەرێکی کۆنی سوپای عێراق بوو لە ساڵانی 60ـەکان هاتبووە ناو شۆڕش و ئامرهێزی ڕزگاری بوو و شارەزاییەکی باشی هەبوو لە پلانی سەربازی، پێش هێرشی دوژمن بۆ ناوچەکە ملازم ڕەشید سندی کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دا لەگەڵ:

1. هەڤاڵ عەلی شەعبان ئامرهێزی (بێتواتە) سەرجەم ئامربەتالیۆن و سەرلقەکان.

2. هەڤاڵ حەسۆمیرخان ئامرهێزی (کاوە) و سەرجەم ئامربەتالیۆن و سەرلقەکان.

نەخشەی شەڕ و بەرگرییان بەم شێوەیەی خوارەوە دانا: هەڤاڵ کەمال بەگ سەرلق لە هێزی بێتواتە، هەڤاڵ شینەی بۆڵی سەرلق لە هێزی بێتواتە بۆ سەنگەرەکانی هەرەپێشەوە دانران لە بناری چیای هەیبەت سوڵتان و چنارۆك ، هەڤاڵ تەیب هەرنی سەرلق لەهێزی بێتواتە بۆ سەر ڕێگای سلێمانی هیزۆپ دانرا.

لەبەرەبەیانی ڕۆژی 29/6/1974 دوژمن بەهێزێکی زۆر لە سوپا و تانك و زرێپۆش بە پاڵپشتی چەندین فرۆکە لەچیای (هەیبەت سوڵتان) بەرەو ڕێگای کۆیە و سلێمانی پێشڕەویان کرد، کاتێ گەیشتنە بەردەم سەنگەرەکانی پێشمەرگە، شەڕ دەستی پێکرد تاکو کاتژمێر 3ی پاش نیوەڕۆ و پێشمەرگەی پارتی و بارزانی خەسارەتێکی زۆریان لە دوژمن دا. بەڵام لەبەر گەرمی شەڕەکە و بۆردومانی سەختی تۆپەکانی دوژمن و فرۆکەکانی، نەتوانرا ئاو و خۆراك و فیشەك بگاتە دەستی برا پێشمەرگەکان، ئەمەش بووە ئەگەری شەهیدبوونی 6 پێشمەرگەی قارەمان.

هەر لەم شەڕەدا (7) هاوڵاتی کە خەریکی کاروکەسابەتی جوتیاری بوون فاشییەکانی عێراق دەستیان لێ نەپاراستن کە لەوکاتەدا داس و بێلیان بەدەستەوە بوو گوللە بارانیان کردن ئەوانیش:

1. فقێ زوبێر خەلکی سکتان
2. قادر حاجی ڕەش خەلکی سکتان
3. تەها بەگ خەلکی کۆزەلە
4. حاجی مستەفا خەلکی سێرە
5. دوو شەهیدی دیکە کە خەلکی گوندی کۆزەڵەبوون ناوەکانیان نەزانراوە.

دەستگیر کراوەکان:

1ـ ئەحمەد قادر حەمەد
2ـ مستەفا ڕەسوڵ
3ـ خدر قادر
4ـ ئیسماعیل ڕەسوڵ عوسمان
5ـ سلێمان مستەفا عەبدوڵڵا
6ـ شەریف محەمەد ئەحمەد
7ـ عەبدوڵڵا فەقێ بایز
8ـ وسو عەبدوڵڵا بایز
9ـ عەلی سۆفی حەسەن
10ـ نادر پیرۆت داود
11ـ ئیبراهیم عوسمان محمود
12ـ حەمەدەمین عەلی ئیبراهیم
13ـ حەمەدەمین پیرە مستەفا
14ـ موشیر ئیبراهیم
15ـ حسن ڕسول حسن
16ـ مستەفا عەلی ڕەسوڵ
17ـ حەمەدەمین شێخ وەسانی
18ـ علی حسن یوسف
19ـ ئیبراهیم قادربەگ
20ـ عەلی ئەحمەد عەبدوڵڵا
21ـ عەلی یوسف
22ـ سەعید شێخ وەسانی
23ـ حاجی حەسەن ڕەحمان
24ـ حاجی قادر ڕسول
25ـ ابراهیم کونە فلوسەیی
26ـ مەلا ئەحمەد
27ـ دەرویش حمەساڵح مەرگەیی
28ـ مام ڕەسوڵ
29ـ ڕەسوڵ فەتحوڵڵا مەرگەیی
30ـ حەمەساڵح قادر
31ـ پیرۆت جاف مەرگەیی



شۆڕشی ئەیلوول / ڕەشید سندی ئامرهێزی ڕزگاری و هەڤاڵانی چاودێری دوژمن دەکەن، دەڤەری دوکان 1974
لە ئەرشیفی کاروان محەمەد سینۆ


دوژمن هەمووی قۆڵبەست کردن و ڕەوانەی دەزگای لێکۆڵینەوەی کردن لە کەرکوك و لەدوای لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆری نامرۆڤانە هەر هەموویان بریاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو، دواتر ڕەوانەی بەندیخانەی (موسڵ) کران و ماوەی (19)مانگ لە بەندیخانە مانەوە و دواتر بە داوای لێبوردنی گشتی ئازاد کران.

بەم شێوەیە و بە چەندین داستان و قارەمانەتی دیکە پارێزگاری لە خاکی کوردستان و شەرەف و کەرامەتی خەڵکی کوردستان کراوە. سەرەڕای ئەم هەموو ئازار و ڕەنج کێشانە و هەوراز و نشێوی خەبات و بەرخودان و ئەنفال و کیمیاباران و جینوسایدکردنی کورد، بەڵام شۆڕشی کورد و کوردایەتی بەردەوام بوو، تا ڕۆژگەیشت بەم ڕۆژە. شۆڕش و پێشمەرگەی کوردستان خوێنێکی زۆر و قوربانییەکی یەکجار زۆریان بەخشیوە لە پێناو خاکی کوردستان. هەڵبەت ئەم دەستکەوتانەی ئەمڕۆی کوردستان لە ئەنجامی خوێن و خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانە، بۆیە دەبێ ئەمڕۆ ئێمە ئەم دەستکەوتانە وەکو بیلبیلەی چاومان بپارێزین، سەودا و مساوەمە لەسەر تەنها بستێکی خاك و ماف و دەستکەوتەکانی کوردستان نەکەین.

پێویستە ئەمڕۆ هەمووان یەکدەنگ و یەك دەست ڕووبەڕووی هەڕەشە و گوشارەکانی بەغدا ببینەوە کە دەیانەوێ کیان و دەسەڵات و دەستکەوت و مافەکانی خەڵکی کوردستان سنووردا بکەن یاخود لەناو ببەن. بەداخەوە ئەمڕۆ هەندێك دەنگی نەشاز لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و بەربڵاوبوونی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، دەخوازن ئاوات و بەرژەوەندییە تایبەت و بەرتەسکەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن لەسەر حسابی سەروەری کوردستان و ئاستەنگ و لەمپەر دەخەنە بەردەم کارنامە و بەرنامەی چاکسازی حکوومەتی کوردستان، بۆیە دەبێ ئەمڕۆ ئێمە ئەم دەستکەوتانە وەکو بیلبیلەی چاومان بپارێزین، سەودا و مساوەمە لەسەر تەنها بستێکی خاك و ماف و دەستکەوتەکانی کوردستان نەکەین.

*کارگێڕی لقی11 ی پارتی دیموکراتی کوردستان

شەڕی کتێب لە کۆشکی سپیدا



غازی حەسەن



کتێبەکەی (جۆن بۆلتن)، سەرەتای شەڕێکی گەورەی پێش ڕەشەبای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکایە، کتێبەکەی بەناوی ڕووداوەکانی نێو ژوورەکە (**The Room Where It Happene**)یە، ئاماژە بە ڕەفتار و سیاسەت و هەڵچوون و لاوازیی مەعریفەی (دۆنالد ترەمپ) و کورتبینی و بادانەوەکانی و شێوازی هەڵبژاردنی کابینەی حکوومەت و دابەشکردنی دەسەلاتەکان دەکات، (بۆلتن) پێی وایە (ترەمپ) لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی ستافی بەرێوەبردنەکەی بۆ خودی خۆی، خەڵک و کەسەکانی هەڵبژاردووە، نەک پسپۆریی و شارەزایی و توانای کەسەکان و ئینتما بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەمەریکا. کۆشکی سپی داوای لە دادگا کرد ڕێگە نەدەن ئەم کتێبە بڵاوبکرێتەوە، بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی شتی نارِاست و ئاشکراکردنی نهێنی ئاسایشی نیشتیمانی، دادگاش بەپێچەوانەوە بڕیاری بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بە (بۆلتن) بەخشی و کتێبەکە لە کۆتاییدا بە سەدان هەزار دانە بڵاوبۆوە.



ڕاپۆرتانەی ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز) بووە، کە کاتی خۆی دەربارەی خۆدزینەوەی (ترەمپ) لەدانی باج بڵاویکردەوە. (ترەمپ)یش گوتویەتی (ماریا) مافی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەی نییە، ئێمە کاتی خۆی بەپێی ڕێککەوتن چارەسەری کێشەی خۆی و براکەیمان کردووە. لەهەمان کاتدا دادوەری دادگای (کوینز) لە نیۆیۆرک ڕایگەیاند: "دادگا خاوەنی ئەو دەسەڵاتە نییە، بڕیار لەبارەی ڕێگەگرتن لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بدات.

کتێب، هێزێکی گەورەی هەیە، لە هەژاندنی بەدەسەڵاتترین دەسەڵاتدار، ئەم کتێبە شەڕی خستۆتە نێو کۆشکی سپی، لەکاتێکدا کۆشکی سپی وەکو ناوەندی بڕیاری جیهانی حیسابی بۆ دەکرێت و بۆچوون و سیاسەت و بڕیارەکانی کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر دونیاوە هەیە، کەچی نەیتوانی لە مللمانێ و ڕکابەری بۆ پێشگرتن لە بڵاوکردنەوەی کتێبدا سەرکەوتوو بێت. ئەمەش نیشانی دەدات، کە دادگا و کتێب دەتوانن داپەردەریی لەپێناو گەیاندنی زانیاریی و مەعریفە و پەیوەندیکردن بە خوێنەر مسۆگەر بکەن، نەک دەسەڵات. من لام ڕوونە ناکۆکییەکانی ترەمپ لەگەڵ سیاسییەکان لەڕێر هەژموونی کۆماریی و دیموکراتەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی مەزاج و شێوازی کارکردن و تێڕوانینە نارِۆشن و خێرا گۆڕاوەکان و بڕیارە کاتییەکانی (ترەمپ)، گرنگیی ئەوە دەکرێت هێزی کتێب دەسەڵاتدارە ناواقیعییەکان ڕابمالێت. (ترەمپ) لە کابینەکەیدا زۆرترین گۆڕانکاریی و لادان و دەست لەکارکێشانەوەی هەبووە، ئەو سیاسەت لە ڕوانگە و ئامانجی بازرگانی بەرێوە دەبات، واتە سیاسەتی بە بازرگانی بەستۆتەوە، ئەمەش وایکردووە لە ئیدارەدانی ئەمەریکاش بەهەمان شێوە هەڵسوکەوت بکات، کە دەسەڵات و سەرۆکایەتی ئەمریکا و حکوومەت وەکو کۆمپانیایەکی کەسی و خودیی ببینێت و چۆنی بووێت بەپێی مەزاج و خواستی خودی خۆی بڕیار بدات و ستافەکەی بەپێوەری خودی هەڵبژێرێت . نەک ڕەچاوکردنی توانا و پسپۆری و لێهاتوویی کارەکتەرەکان.

(بۆلتن) بەڕاشکاوی نیشانی دەدات، کە (ترەمپ) کورد بە شتێکی لاوەکی و لاواز نیشان دەدات، تەنیا دەڵێت "من حەز لە کوردەکان ناکەم لەبەردەم عێراقییەکان ڕادەکەن و لەبەردەم تورکەکان ڕادەکەن، ئەگەر فرۆکەکانی ئێمە نەبێت هیچیان پێ ناکرێت". پێشتریش لە ڕاگەیاندنەکاندا گوتی (کوردەکان بەپارە ئیشمان بۆ دەکەن، پارەیان دەدەینێ و شەڕ دەکەن)، بۆیە ئامادەبووە دەسەڵاتی تەواو بە (ئەردۆگان) بدات، ناوچەکە کۆنترۆڵ بکات و لە ڕەشەکوژیش دژی کورد لە سوریا چاوپۆشی لە ئەنجامەکان بکرێت. ئەم سیاسەتە لەنێو ڕووداوکانیشدا بەڕاشکاوی هەستی پێ دەکرا، بەڵام لەناکاو بەهۆی گوشاری دژە (ترەمپ)یەکان گۆڕا و دەسەڵات و هێزی سوپای تورکیا لە ناوچەکەدا سنووردار کرا. (بۆلتن) لە کتێبی ڕووداوەکانی نێو ژوورەکەدا دەڵێت پێچەوانەی بیرکردنەوەی (ترەمپ) بە ڕاشکاوی بە تورکیامان گوت ئەمەریکا پەلاماری کورد سنووردار دەکات و ئێمە بەرگریی لێ دەکەین.

(ترەمپ)ە، کتێبێکی نوێی لەبارەی پەیوەندییە خراپەکانی (ترەمپ) لەنێو خانەوادەکەیان ئامادە کردووە بۆ چاپ، بڕیارە لە کۆتایی مانگی تەموزدا بڵاوبکرێتەوە. دیسان (ترەمپ) داوای لە داگا کردووە، ئەم کتێبەش ڕێگە پێ نەدات، بەڵام دادگا وەکو کتێبەکەی (بۆلتن)، ئازادی بڵاوکردنەوەی بە (ماریا) بەخشیوە. لەم کتێبەدا (ماریا) مامە (ترەمپ) بە مەترسیدارترین پیاو لە جیهان وەسف دەکات و گومان دەخاتە سەر داهات و توانا داراییەکانی.

(ماریا) دکتۆری دەروونناسیە، ئامادەیە ئازایانە نهێنییەکانی نێو خانەوادەی (ترەمپ) و سامان و چۆنیەتی دابەشکردنی میراتەکانی خانەوادەکەیان ئاشکرا بکات. ئەو تاکە کەسە بتوانێت لەنێو خانەوادەی (ترەمپ) ڕاستییەکان بڵێت، ئەو ڕاشکاوانە دەبارەی یەکێک لە بەهێزترین خانەوادەکانی جیهان قسە دەکات. ئەو دەیەوێت باسی (ڕاچلەکین و پەیوەندییە تێکشکێنراوەکان و پەیوەندییە ئازار بەخشەکان لەپشتگوێخستن و سوکایەتی) بکات. ئەوەش ئاشکرا بووە، هەر (ماریا) سەرچاوەی ئەو



سالی **1964**:
خۆشکی فیدل کاسترۆی سەرۆکی پێشووی کوبا ڕووی کردە ئەمەریکا و چەندین ڕاگەیاندنی لە دژی براکەی بڵاو کردەوە.



سالی 1965:
هێزەکانی ئەمەریکا یەکەم کردەوەی سەربازیان لە ڤیتنام ئەنجام دا.



سالی 2014:
داعش دەوڵەتی خیلافەی ئیسلامی لە عیراق و سووریا ڕاگەیاند.



سالی **2017**:
شارەزایانی سەر بە ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی ڕایانگەیاند کە ڕژێمی ئەسەر لە خان شیخون چەکی کیمیاوی بەکار هێناوە.

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی **1913**:
جەنگی دووەمی بەلکان بەڕپا بوو کاتێک بولگاریا ویستی هەرێمی مەکدۆنیای باکور لەژێر دەستی سربیا دەربێنێ.



سالی **1949**:
لە باشووری ئەفریقیا دەست بە جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەپارتاید کرا لە دژی ڕەشپێستەکان.

ئایا واشنتۆن دی سی دەبێتە ویلایەتی ژمارە 51ی ئەمەریکا؟

ئا: هەندرین شێرزاد



رۆژی هەینی دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا بڕیاری دواخستنی گەشتەکەی دا بۆ هاوینەهەواری نیوجێرسی و وتی: ئەو بە مەبەستی جێبەجێکردنی یاسا لە واشنتۆن دەمێنێتەوە . ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران سەبارەت بەوەی واشنتۆنی پایتەخت بکرێ بە ویلایەتی ژمارە 51ی ئەمەریکا بۆ ئەوەی مافی دەنگدانی یەکسان بە خەڵکی واشنتۆن بدرێ ، ئەگەرچیش ئاستەمە ئەنجومەنی پیران بڕیار لەبارەی ئەو یاسایە بدات.

دامەزراندنی پایتەخت

ساڵی 1780هەریەکە لە ویلایەتەکانی مێریلاند و ڤیرجینیا دەستبەرداری بەشێک لە خاکەکەیان بوون بە مەبەستی دامەزراندنی پایتەختێکی فیدرالی لەنزیک رووباری پۆتۆماک . بەڵام بە پێچەوانەی هاوڵاتیانی دیکەی ئەمەریکا ، خەڵکی واشنتۆن مافی ئەوەیان پێ نەدرا کە نوێنەرانیان لە کۆنگرێس دەنگ بدەن ، ئەمە وای لە شارەکە کرد دروشمێکی سەردەمی کۆلۆنیالیزم لەسەر تابلۆی نۆتۆمبیلەکانیان هەڵواسن کە بریتی بوو لە : باج بەبێ بوونی نوێنەر . لەو ماوەیەشدا دۆنالد ترامپ بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی لە سەرۆکی شارەوانی واشنتۆن هێزێکی فیدرالی ڕەوانەی ناوچەکە کرد بۆ ئەوەی کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بێنن ، ئەمەش وەک دەستوەردان حیسابی بۆ کرا. بە گوێرەی پرۆژە یاساکەی دیموکراتەکانیش ، پێشنیاز کراوە ناوی واشنتۆن بکرێ بە واشنتۆن دۆگلاس کۆمنوێلس ، بەمەش هەردووک ناوی جۆرج واشنتۆنی یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا و فرێدریک دۆگلاسی داواکاری ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی بەیەکەوە کۆ دەکرێنەوە.



کۆششی دیموکراتەکان

جگە لە ئەندامێک کە لەگەڵ کۆماریەکان بە نەخێر دەنگی دا ، سەرجەم نوێنەرانی سەر بە پارتی دیموکرات پشتگیریان بۆ پرۆژەیاساکە دەربڕی. بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدان،نانسی پیلۆسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا وتی: زیاتر لە دوو سەدەیە دانیشتوانی واشنتۆن دی سی مافی ئەوەیان نیە بە تەواوی بەشداری لە دیموکراسیەتی ئێمە بکەن ، ئەگەرچی ئەوان باج دەدەن و لە سوپاشدا خزمەت دەکەن. شایەنی باسە ، زیاتر لە 705هەزار ئەمەریکی لە ناوچەی کۆلۆمبیا دەژین کە سەنگەرێکی گرنگی دیموکراتەکانە و ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیەش لە کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەردووک ویلایەتی وایۆمینگ و فیرمۆنت زیاترە. لەو ڕوانگەشەوە یاسادانەرانی سەر بە پارتی دیموکرات پرۆژە یاسایەکیان خستە ڕوو بۆ ئەوەی ناوچەی کۆلۆمبیا بکرێ بە ویلایەتێک ، دوای چەندین دەیە لە دوورخستنەوەی دانیشتوانی لە پرۆسەی دەنگدان ، واتە لەوەتەی کۆنگرێس لە ساڵی 1790واشنتۆنی وەک پایتەختی هەمیشەیی ئەمەریکا هەڵبژاردووە.

دوو بژاردە

دەبێ بزانین کە نیوەی دانیشتوانی کۆلۆمبیا ڕەشپێستن ، بۆیە ئیلیانور نورتنی نوێنەری واشنتۆن لە کۆنگرێس (کە مافی دەنگدانی نیە) ڕایگەیاند کۆنگرێس دوو بژاردەی لەبەر دەم دان ، بەردەوامبوون لەسەر پیادەکردنی دەسەڵاتێکی ناڕەوا و نادیموکراسی بەسەر واشنتۆن یان نواندنی وەفاداریی بەرامبەر پەیمان و بیروباوەڕەکانی ئەو میللەتە و دەنگدان بۆ بەرژەوەندی ئەو پرۆژە یاسایە. نۆرتۆن ئاماژەی بەوەش دا کە بە گوێرەی پێشنیازی دیموکراتەکان ناوچەیەکی فیدرالی بچووک وەک خۆی دەپارێزرێت کە بالەخانە حکومیەکان و کۆنگرێس و ناوچەی ناشیونال مۆل و کۆشکی سپی دەگرێتە خۆی. لە بەرامبەریشدا کۆماریەکان پێیان وایە ئەم پێشنیازە پێچەوانەی بۆچوونی دانەرانی دەستووری ئەمەریکایە کە هەوڵی دامەزراندنی ناوچەیەکی فیدرالیان دا کە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی هیچ ویلایەتێک ، هاوکات بەرپرسانیش لە واشنتۆن هەست بە نیگەرانیەکی زۆر دەکەن سەبارەت بە ڕۆڵی کۆنگرێس لە کاروباری پایتەخت ، بەو پێیەی دەستوور لەسەر چەندین ئاستی جیاجیای شارەکەدا دەسەڵاتی فراوانی پێ بەخشیوە.

واشنتۆن دی سی و مافی دەنگدان

شاری واشنتۆن دی سی لەلایەن سەرۆکی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانی (13ئەندام) بەڕێوە دەبرێ ، هاوکات کۆنگرێسی ئەمەریکاش دەسەڵاتی باڵای بەسەر شارەکەدا هەیە و بۆی هەیە یاسا ناوخۆییەکان هەڵوەشێنێتەوە ، بۆیە دانیشتوان خاوەنی دەسەڵات و مافی کەمترن لە دانیشتوانی ویلایەتەکانی دیکە ،بەڵکو خودی شارەکە خاوەنی هیچ نوێنەرێک نیە لە کۆنگرێس ، ئەگەرچی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا خاوەنی سێ دەنگە ، تەنها کەرتی کۆلۆمبیا نوێنەرێکی لە کۆنگرێس هەیە و بۆی هەیە گفتوگۆ بکات و دەنگ نەدات .

جوگرافیا

واشنتۆن دی سی پایتەخت دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکا ، لەسەر کەناری باکوری رووباری پۆتۆماک ، لەسەر سنووری نێوان هەردووک ویلایەتی مێریلاند و ڤیرجینیا. لە دوای ناوی واشنتۆن دوو پیت (دی سی) هەن ، ئاماژەن بۆ (کەرتی کۆلۆمبیا) . ئەم شارە سەر بە هیچ ویلایەتێک نیە و جیاوازە لە ویلایەتی واشنتۆن کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای ئەمەریکا ، لەسەر کەناراوەکانی ئۆقیانووسی هێمن و پایتەختەکەی شاری سیاتلە.

ڕووبەری واشنتۆن دی سی نزیکەی 177کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و لە باکور و ڕۆژهەڵات و باشوور ویلایەتی مێریلاند هەیە و چەند گەرەکێکی ویلایەتەکانی مێریلاند و ڤیرجینیا چواردەوری شارەکەیان داوە. بالەخانەی کاپیتۆل ، یان بارەگای حکومەتی ئەمەریکا دەکەوێتە نزیک ناوەڕاستی واشنتۆنی پایتەخت و ساڵی 1800بارەگای حکومەتی فیدرالی لە فیلادلفیاوە گوێزراوەتەوە بۆ واشنتۆن دی سی.



دەربارەی واشنتۆن دی سی پێناسە

پایتەختی هەمیشەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایە و دوای بڕیارێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا لە ساڵی 1783 سەبارەت بە دامەزراندنی پایتەختێک بۆ وڵات ،لەلایەن ئەندازیارێکی فەرەنسی بەناوی پییێر لانفان نەخشەی بۆ داڕێژراوە. ژمارەیەکی زۆری ویلایەتەکان هەوڵیان دا پایتەخت پێشنیازکراوەکە لەسەر خاکی ئەوان بونیاد بنرێ ، بەڵام دواتر بە گوێرەی ڕێککەوتنێک بڕیار درا ئەو پایتەختە لە ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکا بونیاد بنرێ و دواتر ناوی جۆرج واشنتۆنی یەکەم سەرۆکی ئەمەریکای بۆ دەستنیشان کرا.

دانیشتوان

ژمارەی دانیشتوانی واشنتۆن دی سی نزیکەی 681.170 هەزار کەس دەبێ و زۆربەیان ڕەشپێستن ، دوای ئەوان سپی پێست و هیندیە ئەمەریکیەکان و ئاسیاییەکان و ئەوانەی بە زمانی ئسپانی قسە دەکەن ، لەگەڵ ژمارەیەک ڕەگەزی دیکە.

فێڵی هەڵبژاردن

ئەم پرۆژەیە هەندێک لایەنگری ناسراوی هەیە ، بۆ نموونە ، جۆ بایدنی کاندیدی پۆستی سەرۆکایەتی لە تویتێکدا نووسیویەتی : دەبێ دی سی ببێ بە ویلایەت ، دان بەوەدا بنێین ، لە بەرامبەردا مو بڕۆکسی نوێنەری کۆماری پێی وایە ئەم هەوڵانەی دیموکراتەکان تەنیا بۆ پەلکێشکردنی دوو ئەندامی دیکەی چەپی نێو ئەنجومەنی پیرانە. لە لایەکی دیکە ، ئێستا کۆماریەکان باس لە چەمکێکی نوێ (هەڵگەڕانەوە) دەکەن ، بە جۆرێک واشنتۆن خاکەکەی بۆ میریلاند بگێڕێتەوە و بەمەش دانیشتوانی شارەکە دەتوانن ئەندامانی ئەنجومەنی پیران هەڵبژێرن. بەڵام پێناچێ لەم قۆناغەدا ئەم بیرۆکەیە سەرکەوتن وەدەست بێنێ ، بەو پێیەی ترامپ دژایەتی دەکات و کۆماریەکانیش پێیان وایە ئاستەمە ئەنجومەنی پیران پرۆژەیەکی وا بخاتە دەنگدان .

مانشێت




ئێندیپێندێنت:
پۆلیسی سکۆتلەندا رایگەیاند ئەو کەسەی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە شاری گلاسکۆ بە چەقۆ هێرشی کردبوە سەر خەڵک ناوی بەدەدین عەبدولا ئادەمە و خەڵکی سودانە.



ئۆبزێرڤەر:
لە کابۆڵی پایتەختی ئەفغانستان 9 چەکداری سەر بە بزووتنەوەی تالیبان لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە کوژران.



سکای نیوز:
ژمارەی تووشبوانی کورۆنا لە سەرتاسەری جیهان 10ملیۆن کەسی تێپەڕاند.



ئەی ئێف پی:
لە یەکێک لە بازاڕەکانی وول مارکێت لە کالیفۆرنیای ئەمەریکا تەقەکردن ڕوویدا و لە ئەنجامدا دوو کەس کوژران و چواری دیکە بریندار بوون.



ئیلاف:
لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئایسلەندا گۆدنی یوهانسۆنی سەرۆکی ئێستا بۆ جاری دووەم سەرکەوتنی وەدەست هێنا.



ئەلشەرقولئەوسەت:
یەکێتی ئەوروپا سنووردارکانی لەبەردەمی 15 وڵات والا کرد کە ئەمەریکا و چین لە نێوانیاندا نین.

تیر شتیگنە لاوەکەی کورد لە دیمانەیەکی خەباتدا:

ڕێنوار مەنداو: هیوادارم ببمە ئەستێرەیەکی گەش کە بتوانم خزمەتی وڵاتەکەم بکەم

دیمانە: هاوار مورتکەیی

ڕێنوار موندار یەکێکە لەو گەنجانەی کە زۆر بەدوارۆژی خۆی گەشبینەو دەیەوێت لە ریگای حەزەکەیەوە خزمەت بە کوردستان بکات و لەدوا ڕۆژدا شانازی پێوەبکەن، ئەو گۆڵچییەکی بەتوانای فێرگەی ناوەندی وەرزش و لاوانی کۆیەیە، لەدیمانەیکی لاپەڕەی وەرزش ڕۆژنامەی خەبات باس لەسەرەتای کاروانی وەرزشی و دواتر خەونەگەورەکەیەوە دەکات.

باوکی پاڵپشتی بەهێزیەتی

ڕێنوار کە لە ساڵی 2006لە کۆیە لەدایک بووە دەڵێت: سەرەتا وەک هەموو کەسیک لە گەڕەکەکەی خۆمان دەستم بەیاری کردووە لەگەڵ ئاوڕێیانم و خولیایەکی زۆرم بۆ تۆپی پێ نەبوو، لە ماڵەوەش باخچەیەکی فریزمان هەبوو زۆرن، کە خۆشترینیان لەگەڵ یانەکەم بوو لە پاڵەوانیەتی فێرگەکان، توانیمان پلەی یەکەم بەدەستبهێنین و بە نازناوەکەوە گەڕاینەوە کۆیە، ئەمەیان خۆشترین ساتی وەرزشی من بوو.

تووشی پێکان ئاتم، کە بۆ ماوەی10 ڕۆژ دوورکەوتمەوە، خۆشترینەکانی ژیانی تۆپی پێم ڕۆژانە کاتەکانم لەوێ بە تۆپی پێ بەڕێدەکرد، جیاواز لە زۆربەی باوکەکان، باوکم یەکجار ئاوکار و پاڵپشتم بوو، هەروەها دەڵێت: باوکم بەکڕینی تۆپ و جلی وەرزشی هاوکار و پاڵنەڕێکی تایبەت بوو بۆم، دواتر لە قۆناغی خوێندن و قوتابخانەدا خوێندن نەبوو بە ڕێگرم، خولیای من بۆ تۆپی پێ لێرەش نەوەستا و دواتر چوومە ئەکادیمیای یانەی کۆیە لە هەولێر، ئیستاش بەردەوام لە فێرگەی ناوەندی وەرزش و لاوانی کۆیە.

بە تیر شتیگن سەرسامە

دواتر ئەو گۆڵپارێزە باس لەخۆشی و ناخۆشییەکانی لەماوەیەکی کەمی تەمەنی وەرزشیدا دەڵێت: ناخوشترین ڕۆژم لە یاری کردن ئەو ڕۆژانەن کە یانەی بەرشلۆنە و ئارسەر میلۆش دەگوازێتەوە.

گواستنەوەی میلۆ بۆ یۆڤێنتۆس لەسەر داوای ماوریزیۆ ساریی ڕاهێنەر بووە، ئەو یاریزانە هەرچەندە پێشتر داوایکردبوو لە بەرشلۆنە بمێنێتەوە و حەزی دەکرد لەو یانەیە دریژە بە یاریکردن بدات، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەرشلۆنە ئارسەری نەویست، ئەو یاریزانەش گلۆپی سەوزی بۆ چوونە یانەی بیناکۆنێری هەڵکردووە و لەو یانەیە ژیانێکی نوێی یاریکردن دەستپێدەکات.

لەکۆتاییدا ڕێنوا دەڵێت: جگە لەمەش ڕۆژانە کاتم بۆ سەیرکردنی خول و پاڵەوانێتییەکان تەرخان کردووە و ماندەری یانەی بەرشلۆنەم و بە گۆڵپارێز تیر شتیگن سەرسامم هەر بۆیە نازناوم شتیگنە، تا ێیستاش لە یاریکردن بەردەوامم هیوادارم ببمە ئەستێرەیەکی گەشاوەی کوردستان کە بتوانم خزمەتی شارەکەم و وڵاتەکەم بکەم.



بە گۆڵپارێز تیر شتیگن سەرسامم هەر بۆیە نازناوم شتیگنە

وردەکاری ڕێککەوتنەکەی نێوان بارسا و یۆڤی

ئالوگۆڕپێکردنی ئارسەر میلۆی یاریزانی بەرشلۆنە بە میرالیم پیانیچی یاریزانی یانەی یوڤێنتوس کۆتاییهات و لەم چەند کاتژمێردا هەموو شتێک یەکلادەبێتەوە. ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا بڵاویان کردەوە، میرالیم پیانیچ بۆ ماوەی چوار وەرز و بە مووچەی سالانەی **8** ملیۆن یۆرۆ دەبێتە یاریزانی یانەی بەرشلۆنە، لە بەرامبەردا ئارسەر میلۆی بەرازیلی ڕووەکاتە یانەی یوڤێنتوسی ئیتاڵی.

پیانیچی تەمەن **30** ساڵ، لە چەند ڕۆژی ئایندەدا بەفەرمی دەبێتە یاریزانی یانەی بەرشلۆنە، لە بەرامبەر ئەم گرێبەستەدا یانەی یوڤێنتوس **10** ملیۆن یۆرۆ دەداتە

زێدان دوو ئامێری هەناسەدان بۆ تووشبووان دەکڕێت

بەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکانی ئەمریکا، پەتای ڤایرۆس گەیشتۆتە نیو یاریزانانی خولی **NBA**ی ئەمریکی کە هەریەک لە مالکۆم بڕۆگدۆنی دروستکاری یارییەکانی تیپی ئەندیانا پیسەرز و جەباری بارکەر لاباڵی تیپی ساکرامنتۆ کینگەر تووشی ڤایرۆسی کۆرنا بوون.

دوای پشکنینی پزیشکی بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکانی جەزائیر بڵاویان کردەوە کە زێنەدین زێدانی ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسی، یارمەتی پێشکەشی وڵاتی جەزائیر کردووە بۆ هاواکاری کردنی تووشبووانی نەخۆشی کۆرۆنا.

زێدانی ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدرید یارمەتییەکانی تەنها بریتی بووە لە کڕینی دوو ئامێری هەناسەدانی دەستکرد و دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی نەزیر محەمەد کردووە لە وڵایەتی تیزی ئۆزۆی جەزائیری، کە پێشتریش هەر ئەو ڕاهێنەرە **5** ئامێری دیکەی هەناسەدانی دەستکردی ڕەوانەی جەزائیر کردبۆوە.

ڤایرۆسی کۆرنا گەیشتە خولی NBAی ئەمریکی

یاریزانانی تیپەکانی باسکەی ئەمریکی دەرکەوت کە دوو یاریزان هەڵگری ڤایرۆسی کۆڤید**19**ن، و هەردوو یاریزان گەیەندرانە نەخۆشخانە و ئیستا لەژێر چاودێری چڕدان، جیی باسە مالکۆمی تەمەن **27**ساڵ یەکێ لە چالاکوانە دیارەکانی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا بوون لە دژی ئەو تاوانەی بەرامبەر ڕەشپێستەکە ئەنجامدرا.



هاندەرانی یۆڤی: ڕۆنالدۆ تاوانبارە

بەشێک لە هاندەرانی یۆڤینتۆس بەهۆی ئەوەی ڕۆنالدۆ دوا لێدانی سزا جێبەجێنەکات، ئەو یاریزانە بە تاوانبار دەزانن.

ڕۆژنامەی کۆریەرۆ دیلۆسپۆرتی ئیتاڵی بڵاویکردەوە، بەشێک لە هاندەرانی یۆڤینتۆس پێیانوایە کە ڕۆنالدۆ هەمیشە ئارەزوو دەکات دوایین لێدانی سزا جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی بڵێن ئەو ئەنجامەکەی یەکلایی کردووەتەوە، پێویست بوو بەرامبەر ناپۆلی لە یاریی کۆتایی جامی وڵاتەکەیان خۆی لێدانی سەرەتای جێبەجێ کردبا، ئەو کات لەوانەیە نازناوەکەیان لەدەست نەچووبا.

ڕۆژنامە ئیتاڵییەکە ئەوەشی بڵاوکردۆتەوە بەشێکی دیکەی هاندەری یۆڤینتۆس پێیانوایە دۆن بە هۆی زۆری تەمەنی توانای جارانی نەماوە و ئیتر ناتوانێت بە تەنیا ئەنجامی یارییەکان یەکلایی بکاتەوە.

گواردیۆلا: لەسەرەتای وەرز خاڵی زۆر گرنگمان لەدەستدا

پیپ گواردیۆلای ئیسپانی و ڕاهێنەری یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی پیرۆزبایی لە یۆرگن کلۆپ کرد بەبۆنەی بەدەستهێنانی نازناوی خولی ئینگلیزی بۆیەکەمجار دوای 30ساڵ، لەهەمان کاتیش ئاماژەی بە هەندێ لە ئەنج

امەکانی یانەکەی دا کە بوونە هۆی ئەوەی ئەو نازناوە نەچێتە نێو هەگبەکەیەوە.
گواردیۆلا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ستامفۆرد بریدج پیرۆزبایی لەڕاهێنەر و یاریزانان و جەماوەری لیڤەرپوول کرد و ڕایگەیاند کە ئەوان بەشایستەیی توانیان ببنە پاڵەوان، و گوتی: لەسەرەتای وەرز خاڵی زۆر گرنگمان لەدەستدا کە هەندێکیان لەشێوەی زوڵم بوون و هەندیکیشیان هەڵەی خۆمان بوو.

ئەفسانەیەیەکی دیکەی وەرزشی تووشی کۆرۆنا بوو

ڕۆبرتۆ دۆرانی پاڵەوانی پێشووی جیهانی لە کێشی سووک تووشی نەخۆشی قایرۆسی کۆرۆنا بوو و بەخێرایی گەیەنرایە نەخۆشخانەیەکی پەنەما.
ڕۆبن دۆرانی کوڕی مشتەکۆڵە لە ئینستاگرام پۆستێکی کردووە کە باوکی لەتەمەنی 69 ساڵیدا تووشی ئەو پەتایە بووە، دوای ئەوەی باری تەندروستی تێکچوو، گەیاندمانە نەخۆشخانەو و پاش پشکنینەکان دەرکەوت کە هەڵگری ئەو قایرۆسەیە، بەڵام پزیشکان پێیان ڕاگەیاندوون کە تا ئێستا هیچ ئاماژەیەکی مەترسیدار پێیەوە دەرنەکەوتووە.





مۆندیالی ئافرەتانی 2023لە ئوستراليا و نیوزلەندا بەڕێوەدەچێت

یەکێتی تۆپی پێی جیهانی (FIFA) ڕایگەیاند، لە پێشبڕکێی بەدەستهێنانی مافی ڕێکخستنی نۆیەمین مۆندیالی تۆپی پێی ئافرەتان کە پلانی بۆدانراوە لە نێوان ١٠ی تەموز- ٢٠ی ئابی ساڵی ٢٠٢٣ لە نێوان کۆڵۆمبیا لەلایەک و ئوستراليا و نیوزلەندا پێکەوە لەلایەکی دیکەوە، ئوستراليا و نیوزلەندا مافی ڕێکخستنەکەیان بردەوە.
پێشتر هەریەک لە بەرازیل و ژاپۆن کە خۆیان بەربژێرکردبوو، کشانەوەیان ڕاگەیاندبوو.



عێراق بۆ جامی ئاسیا ئامادەیە

هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بۆ پاڵەوانێتی جامی ئاسیای خوار 19ساڵ، کە بڕیارە لە ئۆکتۆبەری داهاتوو لە ئۆزبەکستان بەڕێوەبچێت بە تەواوی ئامادەیە.
ئەحمەد جومعەی ڕاهێنەری توانای جەستەیی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندووە: «هەڵبژاردەکەمان ئامادەیی تەواوی بۆ پاڵەوانێتیەکە هەیە و بەهۆی کۆڕۆناوە لە ماڵەوە چاودێری تەواوی یاریزانەکان کراوە لە پێشخستن و بەهێزکردنی توانای جەستەیی یاریزانان».
هەڵبژاردەکە لە ڕێگەی قیدیۆ کۆنفرانسەوە تەواوی ڕێنماییە هونەریەکانی لەلایەن ستافی ڕاهێنەرانەوە وەرگرتووە و پێش پاڵەوانێتەکەش بەچەند هەفتەیەک ئامادەکاری یەکەیەکی مەشق و ڕاهێنان دەکەن.
هەڵبژاردەی لاوانی عێراق لە جامی ئاسیای تەمەن خوار 19 ساڵ، دەکەوێتە کۆمەڵەی دووەم، کە هەریەک لە کۆریای باشور و ژاپۆن و بەحرەین و عێراق لەخۆدەگرێت.

کریس به ستایلێکی تازه دەردەکەوێت

خەبات: سوڵێمان سلێمان

ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدو هێرشبەری یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتاڵی بە شێوازێکی نوێوە دەردەکەوێت ، ڕۆناڵدۆ وێنەیەکی لە تویتەری خۆیەوە بڵاوکردۆتەوە بە شێوازو ستایلێکی نوێی جل وبەرگەوە دەردەکەوێت، ئێدا نووسیویەتی پشووی کۆتایی ئەم هەفتەیە دەستی پێکرد بە شێوازێکی نوێ و ستایلێکی نوێ.

لێڤاندۆڤسکی: خۆم به باڵۆن دۆرەوە سەرقاڵ ناکەم

ڕۆبرت لیڤاندۆڤسکی، هێرشبەری یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی، خۆی بە بەدەستهێنانی خەڵاتی باڵۆن دۆری، باشترین یاریزانی جیهان سەرقاڵ ناکات. لیڤاندۆڤسکی، لە میانی لێدوانی بۆ گۆڤاری (فرانس فوتبۆل)دا گوتی: پارەکە لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتی باڵۆن دۆر ئامادەبووم، با بزانین ئایا دەتوانم ئەو خەڵاتە بەدەست بهێنم. ئەو هێرشبەرە پۆڵەندییە وتی: ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەم، خستنەگەڕی ئەوپەڕی تواناکان، بەدەستهێنانی نازناوەکان و تۆمارکردنی زۆرترین ژمارەی گۆڵە، خەڵاتی تاکەکەسی لە ئاکامی دەستکەوتی بەکۆمەڵەوە دێت، کە گرنگترینە. هەوەڕها گوتی: بیر لە باڵۆن دۆر ناکەمەوە، هەرچەندە باوەڕم بەوە هەیە، لەوانەیە هەموو شتێک لە ژیاندا ڕوو بدات.
لیڤاندۆڤسکی وتیشی: تۆمارکردنی گۆڵ شتێکی ئاسان نییە، نەخاسمە ئەگەر هیلاک بیت، چونکە سەدا نۆدی گۆڵەکان، لەسەر ئاستی چاودانە سەر و هاوسەنگی هزرت دەوەستێت، بۆیە ئەگەر یاریزان هیلاک بێت، ئاستی بیرکردنەوە کەم دەبێتەوە. ڕوونیشی کردەوە: لە ناوچەی سزادا، هێرشبەرچەند ساتێکی کەمی بۆ بیرکردنەوە، بڕیاردان و مامەڵەکردن لەگەڵ تۆپدا هەیە، ناوچەی سزا، ئەو شوێنەیە کە ڕاهێنانی بۆ دەکەین، چونکە تاکە شوێنی یاریگەیە، کە پێویستی بە جوولەی خۆڕسک هەیە. ڕۆبرت لە بارەی سرووتی تایبەتی خۆی لە پێش یاریبەکاندا وتی: لە ڕۆژی یاریبەکاندا گۆشت ناخۆم، چونکە دەبێتە هۆی تەپ بوونم، بەڵکو خواردنی سووک دەخۆم، ژەمەکان پشت بە چەندین فاکتەر دەبەستن، وەکو ڕۆژ و کاتی یاریبەکان، ئەگەر یاریزان برنج یان ماکەرۆنی بخوات، بۆ ماوەیەکی زۆر کەم وزەی پێدەبەخشێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات سوودی لێ نابینێت. لە بارەی منداڵی خۆیشی وتی: زۆر لاواز بووم، بەڵام دڕێژ نەبوو و بۆ ماوەیەکی زۆر کێشم هەر 20کلیۆگرام بوو، بەڵام ئەوەم بەلاوە گرنگ نەبوو و کاریگەریشی بەسەر وێستم، بۆ بوون بە یاریزانی تۆپی پێبەوە نەبوو، من بچووکترن و لاوازترین یاریزانی تیپەکەم بووم، کە بوومە 8ساڵان، بۆ تیپی تەمەن 10ساڵان سەرخرام. ئەوەشی خستە سەر: جیاوازی ئەو دوو ساڵە، لە نێوان من و هاوتیپەکانم زۆر بوو، بە جەستە دوا کەوتم، بەڵام لەو ماوەیەدا زۆر شت فێر بووم.

ڕەمزی مەرەکانی

خەبات XEBAT

لە هاڵ پارێزاو دەبین

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla
Mon.29 Jun. 2020 No.:(5963)

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



شێوەکار ئاشتی گەرمیانی کارەسات و روداوە جەرگبڕەکانی گەلی گەلی کورد لە ڕێگەی تابلۆکانییەوە تێکەڵ بە سروشتی هۆڵندا دەکات

سلێمانی - بەرهەم شێخ عزەدین:

هونەرمەندی کوردئاشتی گەرمیانی لەهۆڵندەای بەخەباتی گوت:ئەم کارانەم پرۆژەیەکە لە 15کاری هونەرین بە یەك ستایيل ، کە وەکو ناوەڕۆوك لەگەڵ ڕۆژگاری ڕابردوو وە ئێستادا باس لە نەهامەتیەکانی میللەتەکەمان دەکات و ڕەنگ دانەوەی کەلتووری کوردەواری لە ڕەنگ وەدەموو چاودا.کارەکان (10*15)سم. دەبێت بە کەرەستەی جیاجیا وە ڕەنگی ئاوی .ئەزموونی ئەو کارانەی ڕابرووەمە کەلە 2016و پێشتر 15کارم دروست کرد، بەڕاستی جێگای سەرەنج بوو ئەم کارانە، بە تایبەت بەشداریم لە پێشانگای هونەرمەندانی هۆڵەندی کوردی لە شارۆچکەی زەیڤن بێرخن کە کۆمەڵەی کوردی موردایك سەرپەرشتی کرد . سروشتی هۆڵەندا ئەو ڕەنگانەی لام خەملاند کە بەو شێوەیە دەریان ببڕم .



خانمە هونەرمەند ڕووبار ئەحمەد تووشی کۆرۆنا بوو

خانمە ئەکتەر و شانۆکاری کورد، تووشی پەتای کۆرۆنا بووە و ئێستا ڕەوشی تەندروستی جێگیرە.

د. نیاز لەتیف، هونەرمەند و هاوسەری ڕووبار ئەحمەد، لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووك) بۆ خانمە هونەرمەند ڕووبار ئەحمەد نووسیویەتی: «دڵنیام تۆ هەمیشە وەت بەرزە و لە ئاست ناخۆشییەکان و پەتای کۆرۆنادا، کۆرۆنا لە ئاست وەربەرزی و خۆڕاگر چۆك دادەدات، بەهیوام زوو چاك ببیتەوە«.

بەپێی زانیارییەکان، بەهۆی زۆریی ژمارەی تووشبوانی کۆرۆنا لە سلێمانی، ئەو خانمە هونەرمەندە ئێستا لە ماڵەوە خۆی کەرەنتین کردووە و چارەسەری تەندروستی وەردەگرێت، ڕەوشی تەندروستی جێگیرە.

هونەرمەند هەژار محەمەد:

بۆ ئەرشیفکردنی گۆرانی و موزیکی کوردی هەنگاوی کەم هاوێژراوە

دیانە: هەمزە سەرحان

هونەرمەند هەژار محەمەد ئەمین تەها لە ساڵی ١٩٦٤ لەشاری قەڵادزێ لەدایکبووە، هەرلەمناڵیەوە خولیای مۆزیك وگۆرانی بووە. بڕوانامەی دبلۆمی ئەدەبی وبڕوانامەی مۆزیکی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری وەرگرتووە .لەساڵی ١٩٨٢وە دەستی بەکاری هونەری کردووە ولەساڵی ١٩٩٥وە لێپرسراوی تیپی مۆسیقای قەڵادزێیە وچەندین خولی موزیکی کردۆتەوەو بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بەڕێوەبەری چالاکی هونەری قوتابخانەکان بووە ، بەشداری سەرجەم بۆنە نیشتیمانی ونەتەوایەتیەکانی کردووە خێزاندارەو خاوەنی چوار منداڵە وئیستا مامۆستای موزیکە لە شاری قەڵادزێ.



هونەری کوردیش وەک کایەکانی دیکەی ژیان هەورازو نشێوی زۆری دیوە

ـ بڕوای زۆرم بە فلتەر هەیە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بوێری گۆرانی گوتنی نەبێت.

چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئێستای هونەری کوردی هەیە؟

هونەری کوردی وەکو هەمو کایەکانی تری ژیان هەورازو نشێوی بینیوە بەهۆی سیستەمی نوێی جیهانی تەکنەلۆجیاوە، بەڵام بە هەر شێوەیەك بێت بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە لەهەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ تێبینیەکانمان لەسەر خراپ بەکارهێنانی ئەم هونەرە

زۆر گلەیی دەکرێت لە تێکەڵکردنی هونەری بیانی بەهونەری کوردی وکاڵبوونەوەی ڕەسەنایەتی لەناو هونەر ، ئەمە تا چەند ڕاستەو کێ بەرپرسیارە؟

زۆر ڕاستە تێکەڵکردن هەیە ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە هۆکار زۆرن هونەرمەندەکان خۆیان و تێکەڵبوونی کلتور بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاو ئینتەرنێت و کەمی گۆرانیبێژی پڕۆفیشنال و ئەکادیمی و کەمی دەنگی ڕەسەن و تێرنەکردنی گوێگری کوردو بەندبێژیی، جێگەی هونەری ڕەسەنی میللی گرتۆتەوە ،کە ئەمەش میزاجی گوێگری تێکداوە.

گلەیی لەئێوەو مانانی مامۆستای موزیك دەکرێت کە کاری موزیك بۆ کەسانێك دەکەن نەدەنگیان خۆشەو نە لە هونەریش دەزانن ئەمە بۆ؟

بەداخەوە مەسەلە کە بووە بە بازرگانی خۆدەرخستن بەهۆی زۆری ستۆدیۆو مۆزیسیانی ناهوشیار بەداخەوە کار بۆ دەنگی زۆرئاست نزم دەکرێ.

کێ هۆکارە لەو فەوزایەی لە هونەری کوردیدا هەیە ؟

بەداخەوە هۆکاری ئەم فەوزاو ژاوە ژاوە نا هوشیاری نا ئەکادیمی بوونی مۆزسیان و دەنگ بێژەکان و نا هوشیاری چەپڵە لێدەرەکانیش لەهەمووی خراپتر ومجامەلەی ڕاگەیاندنکاران

بۆ گۆرانی وەکو ساڵان تام و لەزەتی نەماوەو ماوەیەکی زۆر لەناو خەڵکدا نامێنێتەوە ؟ ئایا موزیك هۆکارە یا هونەرمەندەکان؟

ئەمە قۆناغێك بوو نەدێتەوەو نە زیرەك و ماملێ و مەردان و تاهیرو ئەسغەر دروست دەبنەوە ، بەڵێ موزیك و هونەرمەندەکان هۆکارن و هۆکاری تریش زۆرن وەکو تێکست و ئاواز ودەنگ...

بەکارهێنانی ئافرەت لە کلیپدا چۆن دەبینیت ؟

کلیپ کارێکی باشە بەکارهێنانی هەر شتێك ئاساییە لەکات و شوێنی خۆی ئەمە بۆ ژنیش ڕاستە.

نەبوونی فیلتەر لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە تاچەند زیانی بۆ هونەر هەبووە؟

من بڕوام زۆر بەبوونی فلتەر هەیە بۆ ئەوەی هەموو کەس جورئەت نەکات گۆرانی بڵێت، بێگومان زیانی زۆرمان کردووە کۆمەڵێك مشەخۆر بوون بەبار بەسەر گۆرانی و مۆزیکەوە .

تاچەند گلەییت لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەیە لە بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە گۆرانییەك ؟

گلەییم زۆرە لە کەناڵەکان، لانی کەم با ئەوان فلتەر دابنێن بۆ ئەم دەنگە نەشازانە

چی بکرێت بۆ ئەوەی لەم فەوزایەی ناو دونیای هونەر ڕزگارمان بێت؟

تکام وایە با هەرکەس خەریکی کاری خۆی بێت وەك پێشینان موزیکی دانراوی خۆمی بکەم.

سەرقاڵی چ پرۆژەیەکی هونەریت؟

سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانیەکی تازەم بۆ دەنگخۆشێکی قەڵادزێ لەگەڵ هاوڕێکانم لە تیپەکەمان.

تاچەند ڕەسەنایەتی هونەر پارێزراوە ؟ وە چی بکرێت تا ڕەسەنایەتیهونەرلەناونەچێت؟

بەداخەوە هەنگاوی کەم هاوێژراوە بۆ ئەرشیفکردنی گۆرانی وموزیکی کوردی، بۆیە دەتوانم بڵێم:

وتویانە:

نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب

مامۆستا هەژار خەون بەچی پارچە موزیکێکەوە دەبینێت بیژەنێت کە تاوەکو ئێستا نەیژەنیوە؟بۆچی‌شتێك‌وکێیە؟

هەموو موزیکێکی کوردی چێژی خۆی هەیە بەڵام من چێژ لە موزیکی مامۆستای گەورە مجەتەبای میرزادە دەبینم و ئارەزوومە پارچە موزیکەکانی بژەنم و تێکەڵ بەپارچەیەك پارێزراو نییە لەم ڕووەوە ، بۆیە بەڕای من پێویستە فێرگەیەکی تایبەت یان پەیانگایەکی تایبەت بە (دراسات النغمی کوردی) و مەقامات وبەروەردەکردنی دەنگ و چۆنیەتی وتنی گۆرانی بکرێتەوە بەم جۆرە ڕەسەنایەتی پارێزراو دەبێ و بگرە گەشە دەکات بەو هیوایەی پسپۆڕان و هونەرمەندان و بەرپرسانی سەندیکاو حکومەت وبەرلەمان ئاوڕی جدی لێبدەنەوەو بیر لەپاراستنی کلتوورو فۆلکلۆرو ناسنامەی میللی بکەنەوە.